کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم– ژمارە ۴۳۵ –نیوەی یەکەمی ڕەزبەر۱۴۰۲–اکتبر ۲۰۲۳



## ڕەنگدانەوەی هێزی جەماوەر لە سیمای پەرێشانی ڕژیم لە ساڵیادی شۆڕشی ژینادا

لاپەڕەی ۳

## سەروتار

### هەڕەشەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵوێستی کۆمەڵە

لە چەند مانگی ڕابردوودا و بەدوای هەڕەشەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، پرسی چەکداماڵینی ئەم حیزبانە بووەتە بابەتێکی جێی باس کە قسە و نیگەرانی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە و هاوکات پڕوپاگەندەیەکی زۆریش لەو بابەتەوە لە کاناڵە جۆراوجۆرەکانی حیزبی و حوکومی لە ئێران و عێراق بڵاو بووەتەوە. سەبارەت بە چۆنێتی ئەم ڕووداوانە و ڕاستی و درووستیی ئەو هەواڵانەی بڵاو دەکرێنەوە، هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە دەبیر ئەوەڵی کۆمەڵە-ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران بەم شێوەیە ڕەوتی ڕووداوەکان و هەڵوێستی کۆمەڵە لەسەر ئەم هەلومەرجە نوێیەی هاتۆتە ئاراوە لە گفتوگۆیەکدا کە ڕۆژی ١ی خەزەڵوەر لە تەلەویزیۆنی کۆمەڵە بڵاوبۆتەو، دەخاتەڕوو: تا ئەو جێگایەی کە دەگەڕێتەوە بۆ دوایین زانیارییەکان لە پێوەند بەم ڕووداوانەوە، دوو ڕۆژ لەمەوبەر هەیئەتێکی هاوبەش لە نوێنەرانی کۆمیسارییای باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی کەمپی زرگوێزیان کردووە.

درێژە لە لاپەڕەی ۲




تەسلیم نەبوون بە حیجابی زۆرەملێ،
دەسکەوتێکی بێ گەڕانەوەی شۆڕشی «ژینا»

لاپەڕەی ۵



پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی
دەستپێکی ساڵی خوێندنی ۱۴۰۲ – ۱۴۰۳

لاپەڕەی ۴



ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
مانگرتنی سیاسی لە کوردستان سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو

لاپەڕەی ۱۰



وتەیەک سەبارەت بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی
نێوان ئیسرائیل و حەماس

لاپەڕەی ۱۰

شۆڕشی ژینا، پێشڕەوی هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێگایەکی دژواردا
لاپەڕەی ۶

سیمای پەروەردە و بارهێنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا
لاپەڕەی ۷

هەڵوەدای وتوویژ، پێکەنین و ئازادی پوویەندە
لاپەڕەی ۸

وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی موعەلیم
لاپەڕەی ۹

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٥-نیوەی یەکەمی ڕەزبەر١٤٠٢-اکتبر ٢٠٢٣

# درێژەی سەروتار

ئەوەی کە ئەم لیژنەیە لەوێ بەرچاویان کەوتووە بریتی بووە لەوەی کە ئەم کەمپە بووەتە شوێنی نیشتەجێبوونی لایەنگرانی کۆمەڵە، پەنابەرانی سیاسی و بنەماڵەکانیان و کۆمەڵێک دامەزراوە بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەوان و هەروەها بۆ خەڵکی دەوروبەری ناوچەکە. هاوکات هەڵسووکەوتیان زۆر بەڕێزەوە بووە و گوێیان بۆ وتەکانی نوێنەری کەمپەکە گرتووە و دوای تۆمارکردنیان ئەوێیان جێ هێشتووە.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بۆ ئێمە وەک کۆمەڵە، زیاتر لەمەی کە ئاماژەم پێدا هیچ شتێکی دیکە ڕووی نەداوە. هەڵبەتە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە بۆخۆیان دەتوانن ڕوونکردنەوەی خۆیان لەسەر ئەو بابەتە بدەن، من لێرەدا تەنیا باسی کۆمەڵە دەکەم. لە پەیوەند بە ئێمەوە، زانیارییە نوێیەکان بریتین لەوەی کە چەند مانگێکە کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام هەڕەشەی مووشەکباران و هێرشی درۆنی لەسەر دانیشتوانی کەمپەکە و هەروەها بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکات و کۆمەڵێک داخوازی و داواکاری لە ئاست بەرپرسانی حکومی لە هەرێم و عێراق هێناوەتە گۆڕێ کە سەرجەمیان بە ئاشکرا بڵاوبوونەتەوە و هەمووان لێی ئاگادارن. ئێمە لە پەیوەند لەگەڵ ئەم پرۆسە نوێیەدا واتە گوشار و هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی، بڕیارمان دا کە کەمپی زرگوێز بکەینە کەمپێکی مەدەنی (نانیزامی). کەمپێک کە تێیدا فێرگەی نیزامی بوونی نابێت و دیاردەی چەکداری بەرچاو ناکەوێ و خزمەتگوزاری دەدات بە پەنابەرانی سیاسی و ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لەژێر چەتری کۆمەڵە و پشتیوانی کۆمەڵەدا دەژین تاکوو ئەم کەسانە بتوانن لەم کەمپەدا ژیان بکەن و ئەمنییەتیان پارێزراو بێت. ئامانجی ئێمە، دابینکردنی ئەمنییەتی ئەو خەڵکە بووە کە لەوێ دەژین، بۆ ئەوەی کە مەترسی و هەڕەشەی درۆن و مووشەکیان بەسەرەوە نەبێت و ئەوەشمان بە ڕوونی ڕاگەیاندووە.

بەدوای ئەمانەدا، نوێنەرانی حکومەتی هەرێم و عێراق هاتن و لە نزیکەوە چاویان بە کەمپەکە کەوت، قسەکانی ئێمەیان بیست و تا ئەو جێگەیەی بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە بە ڕەزامەندی لە دۆخەکە گەڕانەوە و دڵنیا بوونەوە کە شتێک لەوە زیاتر لە ئارادا نییە. هەر بۆیە لە هەر شوێنێک کە شتێک لەوە زیاتر بوترێ دەچێتە خانەی پڕوپاگەندە، بانگەشە، گریمانە و بۆچوونی تاکەکەسییەوە و یان خۆ مەبەستی تریان لە پشتە. ڕاستیی ڕووداوەکان هەر ئەوەندەیە کە بۆم باس کردن و لەوە زیاتر شتێک لە ئارادا نییە.

بەڵام ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێست و بۆچوونی ئێمە وەک کۆمەڵە، ئەم بابەتە گرینگی خۆی هەیە. ئێمە زۆر پێشتر لەم هەڕەشانە و لە ساڵانێک لەمەوبەرەوە، بە هۆکاری سیاسی و لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لەسەر هەلومەرجی ئێران و کوردستان و ناوچەکە هەمانبوو، سیاسەتێکی دیاریکراومان داڕشتووە و تا ئەم ساتەش بە سەرنج و وردبینییەوە پەیڕەومان کردووە. ئەو سیاسەتەش چەند بنەما لە خۆ دەگرێ. یەک لەوانە ئەوەیە کە ئێمە پێمانوابووە لانیکەم لەو مانگرتنە گشتییەی لە دوای گیانبەختکردنی «شوانە سەیدقادری» بە بانگەوازی کۆمەڵە سەری گرت و هەموو کوردستان یەکپارچە وەڵامی دایەوە و ڕەنگە زۆر پێش ئەمەش، لە کوردستان بەستێنی سەرهەڵدانی خەباتێکی مەدەنی بە بەشداری کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کوردستان بوونی هەبووە. لە ڕاستیدا لەو ماوەیەشدا شایەتی ئەوە بووین کە کۆمەڵێک بزووتنەوە و جووڵانەوەی کرێکاری لە کوردستاندا سەریان هەڵدا، هەڵسووڕاوانی کرێکاری هاتنە مەیدان و ڕێکخراوی خۆیان بنیات نا، ڕێکخراوی مامۆستایان دروست بوو، ڕێکخراوی ژینگەپارێزی دروست بوو و هەروەها کۆمەڵگای مەدەنی بە شێوەیەکی گشتی گەشەی کرد و لە بواری کلتوری و ئەدەبی و هونەرییەوە جموجۆڵێکی تازە کەوتە ڕێ. هەموو ئەوانە بە ئێمەی نیشان دا کە کۆمەڵگەی کوردستان پێی ناوەتە بارودۆخێکی نوێوە و خەڵک خەریکن خۆیان ڕادێنن کە هەمووکات چاوەڕوانی قارەمانانێکی چەک بە دەست نەبن کە بێنەوە و ڕزگاریان بکەن، بەڵکوو ڕزگاری ئەوان بە هێزی خۆیان بەدی دێت. ئێمەش هەوڵمان دا بە پێی توانای خۆمان لەو ماوەیەدا کاریگەری لەسەر ئەو بزووتنەوانە دابنێین، تەبلیغی کاری ئاشکرا و یاسایی و چالاکی مەدەنی بکەین، بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو بزووتنەوەیە هان بدەین و پشتیوانی لێ بکەین. بێگومان بەرهەمەکەشی ئێستا دەبینرێ کە نیشان دەدات کۆمەڵگەی کوردستان بەراورد بە سێ ساڵ لەمەوبەر بە چەندین قۆناغ لەپێشترە. ئەمە لێکدانەوەی ئێمە بووە و هەر بۆیە ئێمە لە پلانماندا نەبووە کە لەم قۆناغەدا هێزی چەکدار بەکار بێنین بۆ بەرەوپێش بردنی ستراتیژی خۆمان، لەبەر ئەوەی کە بەدیلێکی تر و جووڵانەوەیەکی تر خەریکبوو بە هێواشی جێگەی چالاکی چەکداری دەگرتەوە و بۆشاییەک بۆ زیندووڕاگرتن و زیندوومانەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان دروست نەدەبوو.

ئەمە لە لایەکەوە سیاسەتێک بوو کە بە پێی ئەو هەڵسەنگاندنە و بە لەبەرچاو گرتنی دۆخێکیی بابەتی و دیاریکراو کە لە کوردستاندا هەبوو، داڕێژرابوو. بەڵام بابەتێکی گرینگی تر کە دەمێنێتەوە ئەو هێزی پێشمەرگەیە بوو کە لەو پەڕی سنوورەکان لە هەرێمی کوردستان گیرسابوونەوە. ئەم هێزەش وەک هەموو خەڵک ئاگادارن، بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو چەندین جار جێگۆڕکێی کردووە و کەمپەکانی گواستووەتەوە؛ لەو ڕۆژەوە کە لە ناوچەی ئالانەوە چووین بۆ سەفرە و زەروون تا دەگاتە دۆڵی جافایەتی، بەردانگا، بۆتێ، بەرزنجە و باساک و لە کۆتاییشدا زرگوێز... بەردەوام هەلومەرجێک کە دەهاتە ئاراوە و گۆڕانکاری لە هاوسەنگی هێزدا و پەیوەندی نێوان دەوڵەتی عێراق و هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە دژی دەوڵەتی عێراق بوون و پرسی زەرفییەت و ئیمکانات و هتد... هەمووی ئەمانە کاریگەرییان لەسەر گۆڕانی دۆخی ئێمەش دادەنا. هەر بۆیە ئەم جێگۆڕکێیانە لە هەڵسەنگاندنی ئێمە بۆ هەلومەرجێک کە بوونی هەبوو سەرچاوەی دەگرت و لەڕاستیدا تاکتیکێکی گونجاو بوو لەگەڵ بارودۆخیک کە دەهاتە گۆڕێ.

کەوایە لەم ساڵانەی دواییشدا، بە پێی ئەم بۆچوونەی خۆمان هەڵسەنگاندنی ئێمە هەر ئەو بووە کە ڕوو بە خەڵکیش ڕامانگەیاندووە و هەموو خەڵکی کوردستان ئاگاداری ئەم بابەتەن. ئێمە بەردەوام وتوومانە ئەو دارەی لە زرگوێز ئاو دەدرێت، ڕیشەکەی لە سنە و مەهابادە. کەواتە ئێمە هەرێمی کوردستانمان وەکوو پشتی جبهە بەکارنەهێناوە. بەڵام نەک لەبەر پێ خۆش بوون و ڕازیکردنی دڵی لایەنێک و لەبەرچاوگرتنی دۆخی لایەنێکی دی، بەڵکوو بەو هۆیەوە کە ئەم کارەمان پێ سیاسەتێکی دروست بوو. پێمانوابوو لە لایەکەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات پێی ناوەتە قۆناغێکەوە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە هێز و ئیرادەی خۆیان هاتوونەتە مەیدان و دەتوانن گەشە بکەن و بەرەو پێش بچن. لە کۆتا نموونەشدا کە شۆڕشی ژینا بوو بینیمان کە ئەم بۆچوون و هەڵوێستە ڕاست بووە.

لە لایەکی تریشەوە، ئەگەر بۆچوونێکی لەو شێوەیەش هەبوایە کە ئێمە هێزی چەکدار بەکاربێنین، ئەوا لەو حاڵەتەشدا ئێمە ڕامانگەیاندووە کە خەباتی چەکداری ناتوانێ و نابێ لەسەر تێچووی کۆمەڵانی خەڵکی هەرێمی کوردستان درێژە بە کاری خۆی بدات، گرفتیان بۆ دروست بکات، سنوورەکانیان لەسەر دابخرێ و قووتیی ژیان و ئەمنیەتیان بخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە. بۆیە لەو ڕووەشەوە ئەم سیاسەتە، هەڵوێستێکی گونجاو بوو لەگەڵ سیاسەتیی گشتی ئێمەدا کە لە هەمبەر کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕەچاومان کردبوو.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم خاڵانە، پرسێک کە دێتە ئاراوە ئەوەیە کە جێگە و پێگەی هێزی چەکدار چییە؟ لە ڕوانگەی ئێمەوە بوونی هێزی چەکدار لە کوردستان و بوونی حیزبی سیاسی بە باسکی چەکدارەوە واتایەکی سیاسی گرینگی هەیە. ئەویش بریتییە لەوەی کە خەڵکی کورد مافی پاراستنی ڕەوای هەیە، خەڵکی کورد مافی ئەوەی هەیە کە بەرگری ڕەوا لە خۆی بکات کاتێک کە هێرشی دەکرێتە سەر. هەربۆیە ئێمە هەرگیز بە شێوەیەکی ستراتیژیک خەباتی چەکداری و دەستبردن بۆ چەک لەلایەن خەڵکێکەوە کە بە ئاگر و ئاسن دادەپلۆسێنرێن، ڕەت ناکەینەوە و ڕەتمان نەکردووەتەوە. بەڵکوو دەبێ ئەم توانایی و زەرفییەتە بپارێزرێ و دوژمنانی خەڵکی کورد بزانن کە ئەمە وەکوو شمشێرێک بەسەر سەریانەوە بوونی هەیە، جا چ ئەمڕۆ لە لایەن ئەم خەڵکەوە لە دژیان بەکار بهێنرێت یا خود نا. کات و شوێنی بەکارهێنانی ئەم توانایییە و تاکتیکی بەکارهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ هاوسەنگی هێز و هەلومەرجێکی دیاریکراو. کەواتە ئێمە ئەوەمان بە شێوەیەکی ستراتیژیک ڕەت نەکردووەتەوە، وێڕای ئەوەی کە لەم قۆناغەدا و لانیکەم لە سێ ساڵی ڕابردوودا ئێمە ئەو سیاسەتەمان پێ دروست بوو کە ڕێگە بدەین کۆمەڵانی خەڵک بە ئیرادە و هێزی خۆیان بکەونە ڕێ و ڕێگەی ڕزگاری خۆیان بپێون و ئێمەش لەم ڕێگەیەدا هەرچی لە تواناماندا بێت بەکاری بهێنین.

ئێستا ڕەنگە پرسیارێکی تر بێتە ئاراوە کە داهاتووی ئەم هێزە و ئەم سیمبولە کە دەمانەوێ وەکوو مافی پاراستنی ڕەوا بیپارێزین، چی بەسەر دێت؟ ئەم بابەتە پرسێکی تاکتیکییە. ئەوەی تا ئەم ساتە ڕوونە ئەوەیە کە ئێمە بەرپرسیارێتی درێژەدان بە چالاکی ئەم هێزە و ئەم شێوازە لە پاراستنیی مەوجوودییەتی هێزی چەکدار ناخەینە ئەستۆی هەرێمی کوردستان. بەڵکوو خۆمان لە کات و شوێنی گونجاودا ڕێگەچارەی پێویستی بۆ دەدۆزینەوە و بێگومان چارەسەریش هەیە، بەڵام دەکرێ ئەم باسە لێگەڕێین بۆ داهاتوو.

بەڵام لەم نێوانەدا دڵنیاییەک کە دەتوانین بە خەڵکی کوردستانی بدەین ئەوەیە کە بەر لە هەموو شتێک ئێمە ئەمنییەتی پەنابەران و دانیشتوانی سیاسی و ئەو کەسانەی لەژێر چەتری کۆمەڵەدا دەژین لە ئوردوگای زرگوێز، دابین دەکەین، ئەویش لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان و نیشاندانی ئەوەی کە ئەم کەمپە، تایبەتە بە پەنابەرانی سیاسی و شوێنی چالاکی چەکداری نییە. بەم شێوەیە ئیتر هیچ بیانوو و پاساوێکیش نامێنێتەوە بۆ هێرش کردنەسەر و بۆمباران کردنی. تا ڕادەیەکیش کۆمیسیاریای باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران و دەسەڵاتدارەکانی تریش لەم بابەتە تێگەیەنراون. بۆیە چیتر ئاسان نییە ئەمنییەتی ئەم کەسانە بخرێتە مەترسییەوە.

لە پەیوەند بە بەردەوامی و مانەوەی هێزی پێشمەرگەی خۆشماندا دەبێ بڵێم کە بە دڵنیاییەوە ڕێگەچارەمان بۆی هەیە و دەبێ. بە دڵنیاییەوە ئەم پۆتانسیەلە لە کۆمەڵگای کوردستاندا بوونی هەیە کە لە ئاستی سیمبولێکیشدا بوویێت ئێمە پاریزگاری لێ دەکەین. بەڵام ئەمە بەو واتایە نییە کە ئێمە سیاسەتەکانمان دەگۆڕین و خەباتی چەکداری لە ناوەوە پەرە پێ دەدەین، یان ئەوەی کە دەستمان هەڵگرتبێ لە سیاسەتی پشتیوانی و بەهێزکردنی خەباتی مەدەنی لە ناوخۆ. بەڵکوو دەمانەوێ ئەم دەرگایە کە دەرگای دەستبردن بۆ چەکە لە هەر کاتێکدا کە پێویست بێت بۆ کەمکردنەوەی تێچوو و قوربانیدانی جەماوەری، ئاسانکردنی سەرکەوتن و هتد... کەڵکی لێ وەربگرین. لە ناوچەیەکی وەکوو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە هەموو کەس چەکدارە، لە هۆز و عەشیرەتەوە بگرە تا دەکاتە حیزبە سیاسییەکان و دەوڵەتەکان، ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی ستراتیژیک خۆمان لە چەکداربوون و دەستبردن بۆ چەک بێبەش بکەین. بەڵام ئەوەی کە چۆن، لە چ کاتێکدا و بە پێی چ تاکتیکێک بەکاری دێنین، دەگەڕێتەوە بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئێمە بۆ بارودۆخی سیاسی داهاتوو.

بۆیە من لێرەدا ئەم دڵنیاییە بە خەڵکی کوردستان دەدەم کە ئێمە هەموو ڕێ و شوێنێکی پێویست دەگرینە بەر بۆ ئەوەی خوێن لە لووتی هیچ پەنابەر و هیچ مرۆڤێکی سیاسی کە لە ژێر چەتری کۆمەڵەدا دەژیت، نەیەت و ژیان و ئاسایشی دابین بێت. هەروەها بتوانێت درێژە بەو کار و چالاکییانەی بدات کە بە شێوەیەکی مەدەنی لە هەر وڵاتێکی تریش بوایەت ئەنجامی دەدا. هەر وەک ئەو پەنابەر و کەسایەتییە سیاسیانەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی سەرقاڵی کار و چالاکی سیاسی خۆیانن و ئەوە شتێک نییە کەس بتوانێ ڕێگرییان لێ بکات و هەموو یاسا نێودەوڵەتییەکانیش ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە هەلومەرجی ئێمەش وەک بەشێک لە نەتەوەیەک کە لە کوردستانی باشوور دەژین و هەروەتر لە ڕووی ئەو پشتیوانی و لایەنگرییەی کە لە خودی هەرێمی کوردستان لە پێوەند بە ئێمەدا بوونی هەیە و لە ڕۆژانی ڕابردووشدا چەند نموونەی زۆر درەوشاوەمان لێ بینین، ئەم ئیمکانەمان زیاتر بۆ دەرەخسێنێت. بۆیە لەم ڕووەوە ئەم ئاستە لە هەڵسووڕان و چالاکی مەدەنی و ناچەکداری بە تەواوی ڕێگەپێدراوە.

بەڵام ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانێت بڵێت-تا ئەو جێگەیەی بۆ کۆمەڵە دەگەڕێتەوە- کە ئەم حیزبەم بە شێوەیەکی ستراتیژیک و بۆ هەمیشە لە ماف و ئیمکانی دەست بردن بۆ چەک بێبەش کردووە؟ بێگومان ناتوانێ بانگەشەیەکی وا بکات و هاوکات نابێ و ناکرێ شتێکی وا ڕووبدات. بەڵام چۆن ئێمە ئەو کارە دەکەین؟ ئەوە دەکرێ بمێنێتەوە بۆ ڕۆژان و مانگەکانی داهاتوو. بەڵام ئەوەی کە ڕوونە و من جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە، ئێمە ئەم کارە لەسەر تێچووی خەڵکی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێم ئەنجام نادەین، بەڵکوو ڕێگە و شوێنێکی سەربەخۆی بۆ ڕەچاو دەکەین، تاکوو ئەم دەرگایە بەرووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی ستراتیژیک و هەمیشەیی دانەخرێت. بێگومان ئێمەش لەم ڕۆژهەڵاتی ناوینە پڕ لە شەڕ و ململانێیەدا ئەو توانایی و ئیمکانە دەپارێزین کە وەک حیزبێکی سیاسی باسکی چەکداریشمان هەبێت.

لە کۆتاییشدا، خاڵێکی تر کە دەبێ ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە ئەگەرچی هەر حیزبێک بۆخۆی دەتوانێ ڕێ و شوێنی خۆی لە بابەت ئەم دۆخەدا کە پێش هاتووە ڕەچاو بکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئێمە وەک کۆمەڵە ئامادەین بۆ پێکهێنانی زۆرترین هاوئاهەنگی لەگەڵ هەموو حیزبە سیاسییەکانی تردا کە لە هەلومەرجێکی هاوشێوەی ئێمەدان.

# ڕەنگدانەوەی هێزی جەماوەر لە سیمای پەرێشانی ڕژیم لە ساڵیادی شۆڕشی ژینادا



یەکەم - کۆماری ئیسلامی هەموو هێزی سەرکوتی خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی پێشبگرێت لە بەرێوەچوونی ڕێوڕەسمە جۆراوجۆرەکانی ساڵیادی شۆڕشی ژینا. گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی ڕژیم بەمەبەستی ڕێگریکردن لە کۆبوونەوەی خەڵک لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان بەربڵاو و بێ وێنە بوو. ئەوەی کە لەم ڕۆژەدا شاهیدی بووین، لە ڕاستیدا حکوومەت نیزامی بەتەواو مانا لە سەرانسەری ئێراندا بوو. بەربڵاوترینی ئەو ڕێوشوێنانە لە شاری سەقز، شوێنی لە دایکبوونی ژینا ئەمینی (ئەو ناوەی کە بوو بە ڕەمزی شۆڕش) ڕەچاوکرا. سەرجەم ڕێگاکانی چوون بەرەو ئارامستانی ئایچیان ٢٤ کاتژمێر بەر لە ساڵیادەکە بەتەواوی داخست، تانک و زرێپۆشیان لەسەر گڵکۆی «ژینا» جێگیر کرد. ڕێڕەوەکانی ئاوی بەنداوی «چراغ ویس»ی سەقزیان کردەوە بۆ ئەوەی ڕێگا لاوەکییەکانی چوون بەرەو ئارامستانی ئایچی دابخەن. ئەمجارەیان خەڵک هێزی لەبننەهاتووی خۆیان بە ڕوونی لە ڕواڵەتی دەسەڵاتی ترساوی ڕژیمدا بەدیکرد. زاڵکردنی حکوومەت نیزامی، قووڵایی قەیرانی ڕژیم نیشان دەدات. چونکە حکوومەت نیزامی بە واتای بارودۆخێکی نائاسایی یان ئاوارتە دێت کە حکوومەتێک دەکەوێتە دۆخی مان و نەمانەوە. هەربۆیە بەپێچەوانەی ئیدیعاکانی ڕژیم، حکوومەت نیزامی، دەرخەری بەهێزبوونی شۆڕشی ژینا و داماویی و بێدەسەڵاتی ڕژیمە.

دووەم - بانگەوازی مانگرتنی سیاسی گشتی بۆ بەرزڕاگرتنی ساڵیادی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی» لە کوردستان وڵامی شایستەی خۆی وەرگرتەوە. سەرەڕای سەرکوت و میلیتاریزەکردنی تەواوەتی ناوچە کوردنشینەکان، مانگرتنی گشتی، هەنگاوێکی زۆر سەرکەوتوو و درەوشاوە بوو بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ دۆخی ئاوارتە یان حکوومەت نیزامی. سەرکەوتنی ئەو مانگرتنە بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوامی ڕێکخراوە جەماوەریی، مەدەنی و ڕێکخراوەکانی شوێنی کار و ژیانن کە خاوەنی ئەزموونی درێژماوەی کاری ڕێکخستن و سازماندانن و دەتوانن نموونە و سەرچەشنێک بن بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژیمی دژە خەڵکیی دەسەڵاتدار. مانگرتنی سیاسی گشتی نەریتێکی جێکەوتووە لە کۆمەڵگای کوردستاندا. ئەمجارەش خەڵک هێزی خەباتی یەکگرتووانەی خۆیان لەم فۆرمە نارەزایەتییە سیاسییەدا بە ڕوونی نیشاندا.

سێیەم - بەڵام شەرەڕای ئەوەش هێشتا لەڕێگەی گەیشتن بە سەرکەوتنی کۆتایی گەلێک قۆناغی دیکەمان لە پێشدایە کە دەبێت بە وشیاری سیاسی و بە هەمان ئیرادە و وڕەی خەباتکارانەی پێشووەوە خۆمان بۆ تێپەڕبوون لێیان ئامادە بکەین. نەرمی نواندن لە تاکتیکەکاندا بە ئاراستەی ستراتیژێکی ڕوون، یەکێکە لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنمان. مانگرتنی گشتی وەک یەکێک لەو تاکتیکانە، کاریگەری خۆی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و زەمینگیر کردن و ناچالاککردنی هێزە سەرکوتگەرەکاندا نیشانداوە. خەڵکی کوردستان بە گرتنەبەری ئەو تاکتیکە خەباتکارانەیە، چەندین جار پاشەکشەیان بە کۆماری ئیسلامی کردووە و هێزە سەرکوتگەرەکانیان لە ئاست ئیرادەی یەکگرتووانەی خۆیاندا بەچۆکدا هێناوە. ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان، نموونەیەکی شکۆداری دیکەیان لە کەڵک وەرگرتن لەم شێوازە لە خەبات ئەزموون کرد. ئەم مانگرتنە جارێکی تر بە ڕوونی ڕواڵەتی جەماوەریبوون و کۆمەڵایەتیبوونی ئەم ئاخێزەی ئێستای دژ بە نیزامی ئیسلامی و بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی باشتر بە خەڵکی جیهان نیشاندا.

چوارەم- لە ساڵیادی ژینادا، شاهیدی شکڵگرتن و بەردەوامبوونی نافەرمانی مەدەنی ژنان لە ئاستێکی جەماوەریدا بووین، کە تەنانەت سەرەڕای زاڵبوونی دۆخی حکوومەت نیزامی و گوشار و هەڕەشەی بەردەوام، ژنانی قارەمان بەبێ ترس لە هێزە سەرکوتگەر و چەکدارەکانی ڕژیم، جل و بەرگی ئیختیاریی و دڵخوازانەی خۆیان پۆشی. ئەم تاکتیکە بە تێکەڵبوون لەگەڵ شێوازەکانی تری نارەزایەتی، لەوانە مانگرتنی زیندانیانی سیاسی بەبۆنەی ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینا، دانی دروشم لەناو ماڵ و سەربانەکان لە بەشێک لە گەڕەکەکانی شارە گەورەکان، نیشانەی بەدەستهێنانی ئەزموونی جەماوەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێوشوێن و کردەوە سەرکوتگەرییەکانی ئەو ڕژیمەیە. خەڵک فێری ئەوە بوون کە چۆن بە نەرمی نواندن لە تاکتیکی خەباتکارانەدا هێزە سەرکوتگەرەکان زەمینگیر و بێکاریگەر بکەن.

پێنجەم- تاقیکردنەوەکانی ئەم ڕۆژانەی دوایی، بەتایبەتی ئەوەی کە لە ساڵیادی شۆڕشی ژینادا شاهیدی بووین، دەریخست کە بەردەوامبوونی ئەم خەباتە هاوکات لەگەڵ خۆبواردن لە قوربانیدان و زیانی زیاتر، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. لە ڕاستیدا ئێمە نەبەردێکی ئامانجدار و لە هەمانکاتدا درێژخایەنمان لەپێشە. نەبەردێکی کە تیایدا کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و جەماوەری بێبەشی پەراوێزی شارەکان، هاوڕێ لەگەڵ خوێندکاران و ژنانی یەکسانیخواز ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەبینن. بێگومان ئەوەی لە ساڵی داهاتوودا ڕوودەدات، مۆرکی ئەزموونە بەنرخەکانی ساڵی ڕابردووی پێوەدەبێت. ئەزموونگەلێکی کە بەداخەوە بە بەهایەکی گران بەدەست هاتوون. هەلومەرجی سەختی ژیانی ئابووریی زیاتر لە حەفتا لەسەدی خەڵکی ژێر هێڵی هەژاریی، ئەم جەماوەرە بەرینەی بە ناچار بەئاراستەی خەبات و بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ ڕژیمێکدا بردووە کە هەم نان و هەم ئازادی ئەوانی بە بارمتە گرتووە. ئەگەرچی هەر لە ئێستاوە ناتوانرێت بە وردی فۆرم و کات و شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەکان دیاری بکرێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەم شۆڕشە لە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆری وەک نارەزایەتی خەڵکی گەڕەکە هەژارەکانیشنەکانی پەراوێزی شارەکان، لە مەدرەسە و و زانکۆکان، چ لە سەر شەقام و یان بە شێوەی مانگرتنی سیاسی گشتی و مانگرتنی کرێکاران، مامۆستایان، نارەزایەتی خانەنشینان، بنەماڵەی داغداری گیانبەختکردووان و هتد... بەردەوام دەبێت.

شەشەم - ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا جیاوازییەکی گرنگی ئاشکرا کرد. جیاوازیی ڕاستەقینە بوونی بەشێک لە بانگەوازەکان ( بۆ نموونە لە کوردستان، کە حیزبەکان پەیوەندییەکی واقعیان لەگەڵ پێگە جەماوەرییەکەی خۆیان هەیە و بانگەوازەکان لەڕووی هەڵسەنگاندنێکی واقیعی و بە پێی هاوسەنگی هێزی خەباتکارانە دەکرێت) و هەروەها ئەو هێز و لایەنانە ( چەپ و ڕاستانەی) کە خاوەنی هیچ جێگە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نین و بە شێوازی دەستکرد و لەسەر کاغەز و تەنیا بە ئامانجی قازانجپەرستی تەبلیغاتیی، دروشمی گەورە بەرز دەکەنەوە و فەزایەکی ناواقیعی و چاوەڕوانییەکی کە لەلایەن ئەوانەوە دەخولێت و هەروەها بە کردەوە دەرنەهاتنی دروشمەکانیان، کاریگەریی نیگەتیڤ لەخۆی بەجێدەهێڵێت.

حەوتەم - لە دەرەوەی وڵاتیش، ئێرانییەکان لە زۆربەی وڵاتەکان بە بەڕێوەبردنی ئاکسیۆن و کۆڕ و کۆمەڵی شکۆدار، هاوسۆزی و هاوپشتی خۆیان لەگەڵ ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا ڕاگەیاند کە تێیاندا حزووری هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان گەلێک بەرچاو و جێگای پێزانین بوو. بەڵام پێکهاتنی هەماهەنگیی سەراسەری هەرچی زیاتر لەنێوانیاندا پێویستییەکی هەنووکەییە کە دەبێ هەموو هێز و لایەنە بەرپرسەکان لەبەرچاوی بگرن. بەشداریکردنی بەربڵاوی ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵات لەم ئاکسیۆنانەدا لە شارە گەورەکانی ئەورووپا، ئەمریکا و ئوسترالیا و هەروەها پشتیوانیی هەڵسووڕاوانی سیاسیی سەر بە حیزبە پێشکەوتنخوازەکانی ئەو وڵاتانە و وتارەکانیان بۆ پشتیوانی لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، ڕۆڵ و کاریگەر و بەرچاوی بووە سەبارەت بە بەرجەستە کردنەوەی شوێندانەریی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە لەسەر بیروڕای گشتی ئەو وڵاتانە.

هەشتەم - دەنگدانەوە و ڕەنگدانەوەی بەرینی جیهانیی ساڵیادی گیانبەختکردنی ژینا لە زۆربەی وڵاتەکان گەلێک بەرچاو بوو. لە زۆربەی وڵاتەکان میدیا و چاپەمەنییە سەرەکییەکان، گەلێک بابەت و ڕاپۆرت و فیلمیان سەبارەت بە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا بڵاوکردەوە. پێشوازی بەرچاوی ڕای گشتی جیهانی و بەتایبەتی ژنان لە شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی، وایکردووە کە زۆرێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی و کەسایەتییە ناسراوەکانیش لەسەر گرنگی شۆڕشی ژینا لێدوان بدەن. واقیعییەت ئەوەیە کە لەماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا هیچ ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانە لەسەر ئاستی جیهاندا لەگەڵ پێشوازی و هاوسۆزییەکی لەم چەشنە بەرەوڕوو نەبووەتەوە.

***

# پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی خوێندنی ١٤٠٢ - ١٤٠٣



ڕۆژی شەممە ١ی ڕەزبەر، ساڵی نوێی خوێندن لە ئێران بە فەرمی دەست پێدەکات، بەڵام ساڵی نوێی خوێندن بۆ زانکۆکان لە ٣ی ڕەزبەرەوە دەست پێدەکات. لەم ڕۆژانەدا زیاتر لە ١٦ ملیۆن خوێندکاری منداڵ و تازەلاو و زیاتر لە ٤ ملیۆن دانشجو لەگەڵ نزیکەی ٢ ملیۆن موعەلیم و هەزاران مامۆستای زانکۆ دەست بە ساڵی نوێی خوێندن دەکەن. ئامارەکان دەریدەخەن کە زیاتر لە ٣ ملیۆن خوێندکار بەهۆی هەژاریی بنماڵەکانیانەوە وازیان لە خوێندن هێناوە. کرانەوەی قوتابخانەکان و حزووری سەرلەنوێی قوتابیان و خوێندکاران لە قوتابخانەکاندا، جۆش و خرۆشێکی نوێی بە کەشوهەوای شارەکان بەخشیوە. بەڵام لەم شادی و خۆشییەدا، بێبەشبوونی ملیۆنان منداڵ و تازەلاو لە چوون بۆ قوتابخانە، هەموو ویژدانێکی بەئاگا ئازاردەدات. ئەمانە منداڵانی کار و سەر شەقامن کە بەشێکن لەو دانیشتووانەی کە شایستەی خوێندنن و لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەش دەبن. هەروەها پێویستە منداڵانی کۆچبەری ئەفغانیش بە ژمارەی منداڵانی بێبەش لە خوێندن زیاد بکرێت.

ساڵی نوێی خوێندن لە دۆخێکدا دەست پێدەکات کە نزیکەی ساڵێک بەسەر دەستپێکی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی تێدەپەڕێت. شۆڕشێک کە خوێندکاران و موعەلیمان و دانشجویان و مامۆستایانی زانکۆ ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پێشخستنیدا هەبوو. لەم یەک ساڵەدا شوێنە پەروەردەییەکان ناوەندی پڕجۆش و خرۆشی ئەم بزووتنەوە سەراسەرییە بوون و خوێندکارانی خەباتکار و دانشجویانی پێشڕەو گەلێک ئەزموونی بەنرخیان بە دەست هێنا کە بێگومان دەبێتە تویشووی ڕێگای خەباتی داهاتوویان.

ئەزموونی ساڵی ڕابردوو و هەروەها سەرجەم ئەزموونەکانی بزووتنەوەی دانشجویی و خوێندکاییی ئێران، نیشانیداوە کە دانشجویان و خوێندکارانی ئامادەیی و پێش زانکۆ لەگەڵ موعەلیمان و مامۆستایانی بەدەرەوەست، دەتوانن هەم ئەرکی خوێندن و پەروەردەیی خۆیان بەرەوپێش ببەن و هەم بەشێکی دانەبڕاو بن لەو نارەزایەتی و هاوخەباتییە سەرتاسەرییە. موعەلیمانی خەباتگێڕیش دەتوانن هەمان ئەزموون لە ئاستە جیاوازەکانی خوێندندا بەکردەوە دەربێنن.

ئەگەرچی ژەهری کۆنەپەرستی مەزهەبی ئاژنکراوەتە ناو سیستەمی پەروەردەیی ئێران و ئەو سیستەمە بێبەش بووە لە پێشکەوتنە زانستی و ئەو شێوازە پەروەردەییەی کە لە ئاستی جیهانیدا بەرۆژ کراوەتەوە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش، پرۆژە پەروەردەییەکانی ڕێژیم، شکستیان هێناوە و نموونەی دیار و بەرچاوی ئەو شکستەش، بریتییە لە هەڵگەڕانەوەی لاوان لە ئایین لە ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا. لە کاتێکدا ساڵانە هەزینەیەکی زۆر و زەوەند لەپێناو پەرەپێدان بە چەک و چۆڵی کۆمەڵکوژ و سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکانی خەڵکدا خەرج دەکرێت، پەروەردەی ئێران لە ڕووی ئەو بودجەیەی کە بۆی تەرخان دەکرێت لە دۆخێکی زۆر نالەباردایە. ئامرازەکانی یارمەتیی پەروەردەیی لە قوتابخانە و ئامادەییەکاندا، کە دەتوانن کاریگەر بن لەسەر فێربوونی قوتابیان و کەمکردنەوەی بەشێک لە ڕەنج و ماندوویەتی مامۆستایان، زۆر کەمن و لە ئاستی پێویستدا نین. کلاسەکانی خوێندن لانیکەم دوو هێندەی حاڵەتی ئاسایی، قوتابیان تێدایە. ژمارەیەکی زۆر لە قوتابخانەکانی گوند و گەڕەکە هەژارنشینەکان خاوەنی کلاسی شێدار و ژووری داڕوخاو و سارد و بێ سووتەمەنی و ڕووناکی پێویستن.

ژینگە پەروەردەییەکان بە پۆلیسی کراون، ڕژیم بە بەسیجگیری و پەروەردەکردنی بەکرێگیراو، ئەو ژینگەیەی زۆر نائەمن کردووە. ژمارەیەک لە مامۆستانی دڵسۆز و نارازی دەستبەسەر کراون و لە زینداندا بەسەردەبەن، ئەوانەش کە تا ئێستا دەستبەسەر نەکراون، بەبیانووی جۆراوجۆر بانگهێشتی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دەکرێن و هەڕەشەیان لێدەکرێت. نارەزایەتی بەکۆمەڵ و کۆبوونەوەی مامۆستایان لەپێناو مافە سنفییەکانیان لەلایەن پۆلیسەوە هێرشی دەکرێتە سەر. ئەگەر بۆ قوتابیان، بەپێی تەمەنیان، چوونەناو کلاسێکی باڵاتر و بینینی هاوڕێ و هاوکلاسی و هاویارییەکانیان دەبێتە هۆی ئەنگیزە و جۆش و خرۆش و دڵخۆشی، بۆ مامۆستایان سەرەتای ساڵێکی تری پڕ لە ئازارە و دەست و پەنجە نەرمکردنە لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانەی کە ئەمساڵ و هەموو ساڵێک لەگەڵی بەرەوڕوو دەبنەوە.

کەمیی ئاستی مووچەی مامۆستایان هاوکات لەگەڵ گرانی و هەڵاوسانی بەردەوام، ژیانی توێژی مامۆستایانی ئێرانی خستۆتە ژێر هێڵی هەژارییەوە. زۆرێک لە مامۆستایان دوای کۆتاییهاتنی کاری مەدرەسە، ناچارن کارێکی تر بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بژێوی بنەماڵەکانیان دابین بکەن. بەم شێوەیە بەهۆی سەعاتکاری زۆر و تاقەت پرووکێنەوە نەک هەر هیچ کات و مەجالێکیان نییە بۆ چێژوەرگرتن لەگەڵ بنەماڵەکانیان، بەڵکوو ڕاستەوخۆ کاریگەریشی دەبێت لەسەر پرسی پەروەردە و بارهێنان لە کلاسەکانی دەرس و بە ناچاری کوالیتییەکەی دادەبەزێنێت. شێوازی نارێکوپێکی پێدانی مووچە لە ئێران، بە کردەوە، مامۆستایان لەچاو باقی موچەخۆران وەک هاوڵاتی پلە دوو دادەنێت. بەم شێوەیە پیشەی موعەلیمی نەک هەر بەرز ڕاناگیرێت، بەڵکوو دەکەوێتە بەر هەڵاواردن و بێڕێزی پێدەکرێت. هەزاران مامۆستا بە گرێبەستی کاتی و بە کەمترین حەقدەست، ساڵانێکی زۆرە لە دوورەدەستترین شوێنەکان کار دەکەن. ئەوان تەنانەت لە بوونی دەفتەرچەی بیمەی دەرمانیش بێبەشن. بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانە، کە بەهۆی کارکردن لە ناوچە دوورەدەستەکان ناتوانن کارێکی دووەم بدۆزنەوە، لە وەرزی هاویندا ناچارن پەنا دەبەنەبەر کرێکاری و کاری سەخت و تاقەت پرووکێن.

پشوو بۆ ئەوان نە تەنیا بە مانای ئاسوودەیی و دەرکردنی ماندوویەتی ٩ مانگ کاری بەردەوامی وانەوتنەوە لە جەستەیان نییە، بەڵکوو بەبێ ئەوەی ماندوویەتی لەشیان دەربچێت، ساڵی نوێی خوێندن دەستپێدەکەنەوە. سەرەڕای هەموو ئەو سەختی و دژوارییانەی کە مامۆستایان تەحەموولی دەکەن، ئەوەی مایەی هومێدە، ئەو ڕاستییەیە کە مامۆستایانی ئێران تەسلیمی ئەو بارودۆخە نەبوون. نارەزایەتی مامۆستایان لەم ساڵانەی دواییدا بەردەوام بەشێک بووە لە جوڵانەوەی زیندووی ئەم کۆمەڵگایە.

لە ئێرانی دوای ڕزگاربوون لە چنگ ڕێژیمی ئیسلامی، بە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردە لە مەزهەب، هەموو تواناکانی خوێندکاران لە جیاتی بیر و ئەندێشەی خوڕافی، دەخرێتە خزمەت فێربوون و پەروەردەی زانستییەوە. هیچ منداڵێک لە خوێندن بێبەش نابێت و ناوەندە پەروەردەییەکان لە ئیمکاناتی پێشکەوتووی سەردەم بەهرەمەند دەبن. لە ئاوا هەلومەرجێکدا بەهرە و تواناییەکان گەشە دەکەن و سەرمایەیەکی گەورەی مرۆیی لەپێناو گەشە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا دەکەوێتە کار.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە بۆنەی دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندنەوە، پیرۆزبایی گەرم پێشکەش بە خوێندکاران، دانشجویان، موعەلیمان و مامۆستایان و هەروەها سەرجەم کارمەندانی قوتابخانە و زانکۆکان دەکات. بەو هیوایەی کە لە ساڵی نوێی خوێندندا، ناوەندە پەروەردەییەکانی ئێران لە سەرتاسەری وڵات، هاوکات لەگەڵ بەدەستهێنانی زانست، وەک هەمیشە پێشەنگی خەبات و نارەزایەتی مافخوازانەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بن.

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**

**ای ڕەزبەری ١٤٠٢**

***

# تەسلیم نەبوون بە حیجابی زۆرەملێ، دەسکەوتێکی بێ گەڕانەوەی شۆڕشی «ژینا»

ئارمیتا گراوەند، کچێکی تازەلاوی تەمەن ١٦ ساڵ، لە ڕۆژی ٩ی ڕەزبەرەوە بەهۆی "ئازار و ئەزیەتی مەئموورانی کۆنترۆڵی حیجاب"ەوە لەپێ کەوت و ئیستا ماوەی شەش ڕۆژە لە حاڵەتی بێهۆشیدا لە نەخۆشخانەی فەجری سەر بە هێزی ئاسمانی، بەسەر دەبات. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا نەخۆشخانەی نیزامی فەجەر، شوێنی بوونی بەستەری ئارمیتا، لە گەمارۆی هێزە ئەمنییە لیباس شەخسییەکاندایە و سەرجەم ملاقات و سەردانەکان بۆ ئەو نەخۆشخانەیە هەڵوەشاوەتەوە. هەندێک لە ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە ئارمیتا گواستراوەتەوە بۆ ژوورێکی نادیار و سەرجەم کارمەندانی نەخۆشخانەکە شەو و ڕۆژ لەژێر چاوەدێریدان و هوشدارییان پێدراوە کە هیچ وێنە و ڕاپۆرتێک سەبارەت بە دۆخی ئارمیتا بڵاو نەکەنەوە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا پرسی بێهۆشبوونی ئارمیتا گراوەند، کاتێک بەبێ حیجابی ئیجباری پێدەنێتە ناو وێستگەی میترۆ، لە لوتکەی هەواڵەکانی ئێران و جیهاندا بووە. لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ڕۆژی هەینی ١٤ی ڕەزبەر بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە. لەم بەیاننامەیەدا هاتووە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەبێ ڕێگە بدەن بە شاندێکی نێودەوڵەتی سەربەخۆی پێکهاتوو لە کارناسانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتی ڕووداوی بێهۆشبوون و بەستەریبوونی ئارمیتا گراوند لە نەخۆشخانە بکەن. ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی هەروەها ئاماژەی بە ڕاپۆرتەکەی دوێنێی ڕۆژنامەی گاردیەن کردووە، کە لە زمان "شایەتحاڵێکەوە" ڕایگەیاندبوو دوای ماوەیەکی کەم لە چوونی ئارمیتا گراوند بۆ ناو واگۆنی میترۆکە، "مەئمورێکی ژنی کۆنترۆڵی حیجابی ئیجباری بەهۆی ڕەچاونەکردنی حیجابی حکومەتی، لەگەڵ ئارمیتا تووشی تێکهەڵچوونی زارەکی دەبێ و بەتوورەییەوە پاڵی پێوە دنێت و دەیخاتە سەر زەوی. کۆمیتەی سەربەخۆی ڕاستی دۆزی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕایگەیاندووە کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی بێهۆشبوونی ئارمیتا گراوند دەکات کە ساڵێک دوای گیان لەدەستدانی ژینا ئەمینی لە گرتووخانەی گەشتی ئیرشاد ڕوویداوە. دانانی "مەئموورانی کۆنترۆڵکردنی حیجاب" لەناو میترۆکان و "چاودێر" لە زانکۆکان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی جلوبەرگی کچانی لاوی وڵات، بەشێکە لەو شەڕە سەرتاسەرییەی کە حکومەت لەدژی ژنانی ئێران خستوویەتەڕێ. پێشڕەوی ژنانی بوێر و ئازادیخواز لەم نەبەردە دا حاشا هەڵنەگرە، ڕژیم کەوتۆتە دۆخی بەرگریکردنەوە. لەو ڕۆژەوە کە ئارمیتای ئازیز کەوتە کۆماوە، شارەوانی تاران لە ترسی شەپۆلی توڕەیی خەڵک، ئەو ٤٠٠ "مەئموورە"ی کۆکردووەتەوە کە لە میترۆی تاران جێگیری کردبوون. لە ڕاستیدا کردەوەکانی ئەم ڕژیمە لە بەرامبەر خۆڕاگریی بەربڵاوی ژنان و کچانی لاو لە سەرانسەری ئێران، جگە لە هەوڵێکی داماوانە و سەرلێشێواوانە، هیچی تر نییە و ئەوەی کە ئەم ڕۆژانە و لەم بوارەدا ڕوودەدات، دەستکەوتێکی بێگەڕانەوەی شۆڕشی ژنان، ژیان، ئازادییە.



واقیعییەت ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەباتی ژنان تووشی سەرلێشێواوی و داماویی بووە. ئەگەر لە سەرەتای ئاخێزی ژینادا کچانی لاو مەیدانداری خەباتێکی خوێناوی بوون، ئێستا دایکان و دایەگەورە و ملیۆنان ژنی دژە حیجاب لەپاڵ ڕیزی کچەکانیاندا وەستاون. ئەگەر بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی پێیانوابوو کە بە ژەهراویکردنی کچان لە قوتابخانەکان، دەتوانن بەسەر ڕاپەڕینی ژناندا زاڵ بن، ئێستا ئیتر لەگەڵ ملیۆنان ژنی لێهاتوو و خاوەن ئەزموونی کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا هەموو ڕێوشوێن و سیاسەت و یاسا دژە ژنەکانی ڕێژیمیان لەگەڵ شکست بەرەوڕوو کردووەتەوە، چی دەکات. ژنانی ئێران لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، هاوکات لەگەڵ چینی کرێکار، زۆرترین سەختی و ئازاریان بەدەست ڕژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بینیوە. یەکەمین هێرشی دژە شۆڕشی سەرچاوەگرتوو لە شۆڕشی ٥٧، بۆسەر ژنان ڕێکخرا. یەکەم هێرشی گۆپاڵ بەدەستەکانی ڕژیمی ئیسلامی، بۆسەر ئەو ژنە نارازییانە بوو کە بوێرانە لەدژی خانەنشینکردنی ژنان و سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، شەقامەکانیان کرد بە مەیدانی خەباتێکی پڕجۆش و خرۆش و لێبڕاوانە. ئەگەر مەبەستی بەرەی دژە شۆڕش لە هێرشکردنە سەر ڕیزەکانی ژنان، سەرەتای سیاسەتێکی کۆنەپەرستانە و زاڵبوون بەسەر ژناندا و یەکەمین سەنگەر بوو بۆ هێرشکردنە سەر سەرجەم داواکارییەکانی خەڵک و پاشەکشە کردن بە شۆڕش و سەرەنجام زاڵبوون بەسەر هەموو کۆمەڵگادا، بۆ بەرەی شۆڕش و بەتایبەت ژنان، دیفاع لە شۆڕشێکی بەگڕوتین بوو کە هەر لە یەکەم هەنگاوەکانیدا، لەگەڵ دژە شۆڕشێکی وەحشی و تا سەر ئێسقان کۆنەپەرست بەرەوڕوو دەبووەوە. لە ماوەی ٢ بۆ ٣ساڵدا کە هێشتا بڵێسەکانی شۆڕش نەکوژابووە، خۆڕاگری و بەرخۆدانی ژنان یەکێک بوو لە پایەکانی بەردەوامبوونی شۆڕش. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی سەرەنجام توانی شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەپێناو ئازادی و ژیانێکی باشتردا، سەرکوت بکات، بەڵام لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی کرێکاران، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هەموو هەوراز و نشێوەکانیانەوە، بێ پسانەوە درێژەیان بە خەباتی خۆیان داوە. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا خەباتی ژنان لەپێناو ڕزگاربوونی هەمیشەیی دا بەردەوام یەکێک بووە لە پایەکانی خەبات و خۆڕاگریی لە بەرامبەر حکومەتی ئیسلامی و یاساکانیدا.

پێشڕەو
ئۆرگـانی کومیتەی ناوەندی کۆمـەڵە
(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)
ئیدیتۆر:
ئیبراهیم عەلیزادە

کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە
Add: Sulimania_Zrguez
Tel:
009647701567854
009647710259353
E-mail:
Peshraw@komalah.org
Web:
http://www.komalah.org/

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
C.D.C.R.I
BOX 70445
10725
Stockholm_Sweden
Tel/Fax: 4608868054
E-mail:
cpi@cpiran.org
Web: www.cpiran.org

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە کوردستانی عێراق
Add: Sulimania-Rzgary
Tel: 3300657 - 3300561

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات
Tel/Fax: +46-18-46 84 93
E-mail:
komala@cpiran.org

تەلەفزیۆنی فەزایی کۆمەڵە
Yahsat 1A
Freq: 12072 Mhz
Position: 52.5° Est
Pol: Vertical
Sym: 27500
Fec: 7/8
Web:
http://www.tvkomala.com/

ڕادیوکان:
بەرنامەی ڕادیۆکانی دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر سەتەلایتی یاه ست بەدوای تەواوبوونی پەخشی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی کۆمەڵە بڵاودەبنەوە.

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٥-نیوەی یەکەمی ڕەزبەر١٤٠٢-اکتبر ٢٠٢٣

# شۆڕشی ژینا، پێشڕەوی هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێگایەکی دژواردا هەڵسەنگاندنی هاوبەشی

## ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ( ڕاهی کاریگەر) و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێش دەچێت. سیمای شارەکانی وڵات لە ئەنجامی نافەرمانییەکی مەدەنی جێگەی ستایش و جەماوەریی ژنان و لاوانی وڵات، بە تەواوی گۆڕدراوە. ئەو زولفە جوان و پەرێشانانەی کە بە دەم باوە دەشەکێنەوە، تەنیا تایبەت بە شەقامەکانی باکووری تاران نییە، بەڵکوو لە شەقامەکانی باشووری پایتەخت و شارە گەورە و بچووکەکانیشدا، ژنان و لاوان شادەماری ژیانی شاریان بەدەستگرتووە. لە بەرامبەر ئەم پێشڕەوییە درەوشاوەیەی بزووتنەوەی جەماوەریدا، حکوومەتی فاشیستی ئایینی، بە پلان و پڕۆژەی بە یاساییکردنی حیجاب و جەریمەی قورس و لەڕادەبەدەر، بە ئاشکرا شەڕی لەدژی ئەم بزووتنەوە بەهێزە ڕاگەیاندووە و بە دەستبەسەرکردنی بەربڵاوی خوێندکاران، مامۆستایان، کرێکاران، چالاکانی بواری مافی ژنان و نەتەوەکان، ژینگە پارێزان و داکۆکیکارانی مافی منداڵان و بنەماڵە سەربەرزەکانی گیانبەختکردووان، هەوڵ دەدەن بەر بە بەرەوپێشچوونی ئەم بزووتنەوە بەهێز و مەدەنییە بگرن. زاڵکردنی حکوومەت نیزامییەکی بەتەواو مانا لە هەموو ئەو شار و ناوچانەی کە ئەگەری هەر چەشنە جموجۆڵ و سەرهەڵدانێکی نارەزایەتی جەماوەریی تێدا بەدیدەکرا لە ساڵڕۆژی قەتڵی جینایەتکارانەی ژینا و زاڵکردنی حکوومەت نیزامی لە زاهیدان لەسەروبەندی ساڵڕۆژی "هەینی خوێناوی زاهیدان"، بەیانگەری ترسی ڕژیم لە بوونی خۆی و دانپێدانانێکی ڕوونە بە ئەگەری سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە. بەڵام سەرەڕای بوونی حکوومەت نیزامی لە بەلوچستان، ڕێپێوان و نارەزایەتی بەربڵاو لە زاهیدان و خاش، نیشانیدا کە خەڵکی ئەو ناوچەیەش هیچ باکیان لە حکوومەت نیزامی ڕژیم نەبووە. سەرەڕای هەمووی ئەمانەش ئەزموونەکانی یەک ساڵی ڕابردوو، جگە لە دەستکەوتە درەوشاوەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا، کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەش دەردەخات. چاوخشاندنێک بەم بابەتانەدا دەتوانێت لەپێناو بەرەوپێشچوونی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە و بەردەوامبوونی شێلگیرانەیدا، بەسوود بێت.

یەکەم - شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" شۆڕشێکی فرەڕەهەند و خاوەن هێز و داواکاری فرەچەشنە. ئەمە شۆڕشێکە کە هەنگاو بەهەنگاو بەرەوپێشەوە دەچێت. ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە خاوەنی ڕێبەرییەکی یەکدەست و یەکگرتوو نییە. دیارە بۆ ئەوەی ئەم شۆڕشە فەرهەنگییەی کە لە کۆمەڵگادا پێکهاتووە، ببێت بە شۆڕشێکی خاوەن بنچینەی کۆمەڵایەتی و هەمەلایەنە و تەنانەت بۆ گۆڕینی پێکهاتەی سیاسی دەسەڵات، پێویستی بێ ئەملاو و ئەولای بە ڕێبەرییەکی یەکدەست و یەکگرتوو هەیە بەمەبەستی هەماهەنگکردن و ڕێکخستنی هەرچی زیاتری کار و تێکۆشانی شۆڕشگێڕانە. لە شەپۆلی یەکەمی شۆڕشەکەدا، زۆرێک لە هێزەکانی دەرەوەی وڵات یان هێز و ڕەوتەکانی سەر بە زلهێزە دەرەکییەکان، هەوڵێکی زۆریاندا بۆ ئەوەی ڕێبەرییەکی یەکدەست لە دەرەوەی وڵات درووست بکەن. لەم پێناوەدا زۆرێک لە میدیا و ڕاگەیاندنەکانیش بە پاڵپشتی هێزە دەرەکییەکان لەهیچ یارمەتییەک درێغیان نەکرد. بەڵام بەرەوپێشچوونی هەنگاو بەهەنگاو و ڕوو لە قووڵبوونەوەی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیەی کە هەڵگری کۆمەڵێک داخوازیی ڕوون و ئاشکرای فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و چینایەتییە، ئەم ئەڵتەرناتیڤە بێ بنەما و دوور لە واقیعییەتەکانی ڕۆژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێرانی، زۆر زوو ڕسوا و لە مەیدان بەدەرکرد. ئێستا ئیتر زۆر ڕوونە کە هێز و لایەنەکانی دەرەوەی وڵات ناتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی لە ئاڵوگۆڕەکانی ناوخۆی وڵاتدا بگێڕن. ئەگەر ئەوان بتوانن ڕۆڵی بەرەی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ناوخۆ بەباشی ببینن، ئەوا ئەرکی کاریگەر و پۆزەتیڤی خۆیان بە دروستی بەڕێوە بردووە. ئێستا ئیتر هەموو پێشهاتە شۆڕشگێڕانەکانی وڵات، پێویستی شکڵگرتنی ڕێبەرییەک لە ناو جەرگەی هێزە چالاکەکانی ناوخۆی وڵاتدا بە ڕوونی نیشان دەدەن. ئەمە خاڵێکی لاوازە کە تەنیا هێز و ڕێکخراوەکانی ناوخۆی وڵات دەتوانن چارەسەری بکەن. کە خۆشبەختانە هەوڵی خۆڕێکخستن و بەڕێکخراوبوون لەناو هێزە چالاکەکانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەدا ڕۆژ بەڕۆژ خەریکە بەهێزتر و بەربڵاوتر دەبێت. بەڵام هێشتا مەودایەکی زۆرمان ماوە بۆ گەیشتن بە پێکهاتنی ناوەندێکی ڕێبەریی و هەماهەنگکردنی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە.

دووهەم: بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک و کۆنەپەرێز بەرەوڕووە کە بە بەکارهێنانی سەرکوتێکی فاشیستی، هەوڵ دەدات بەر بە بەرەوپێشچوونی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە بگرێت و ڕێگری بکات لە خۆ ڕێکخستن و پێکهاتنی ڕێبەرییەکی یەکدەست و ڕێنوێنیکار. دەستبەسەرکردنی بەربڵاوی هەڵسووڕاوانی مەدەنی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، خوێندکاریی، هونەری، ئەدەبی، فەرهەنگی و ڕۆژنامەنووسان لەسەروبەندی ساڵیادی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و دواتریش، هەروەها زەخت و گوشاری زۆر بۆسەر زیندانیانی سیاسی و پەرەسەندنی سەرکوتی بنەماڵەی دادخوازان، هەمووی ئەمانە نیشانەی ترسی ڕژیم و بەکارهێنانی شێوازەکانی توندوتیژی و سەرکوتکردنن. لەمڕووەوە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵک پێویستە ڕێوشوێن و تاکتیک گەلێکی ئەوتۆ بەکار بێنێت کە بتوانێت ئەو هەوڵ و ڕێوشوێنە سەرکوتگەرانەیە پووچەڵ بکاتەوە. نافەرمانی مەدەنی، نەرمی نواندن لە تاکتیکی خەباتکارانە و بەئامانجگرتنی پێشڕەوی زیاتر و زیانی کەمتر، دەتوانێت ئیمکانی سەرکوتی فاشیستی ڕژیم تا ڕادەیەکی زۆر کەم بکاتەوە. خەباتێکی مەدەنی و درێژخایەنی کە بتوانێت هێزەکانی دوژمن زەمینگیر بکات و توانایی مانۆڕدانیان سنووردارتر بکات، سەرەکیترین میحوەری تاکتیکییە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕژیم لەناوخۆدا تووشی لێکترازان بکات و سەرەنجام بەرەو داڕمان و لەناوچوونی ببات.

سێهەم: هەوڵ و ڕێوشوێنە سەرکوتگەرییەکانی ڕژیم و وەڕێخستنی شەڕێکی فەرهەنگی لەگەڵ چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەتی لە دژی ژنان وەک نیوەی دانیشتوانی وڵات، بووەتە هۆی شکڵگرتنی بزووتنەوەیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە دژی دەسەڵات. پڕۆژە یاسای حیجاب و برگە لە ڕادەبەدەر توند و تیژەکانی، لەوانە جەریمەکردنی قورس، دەستبەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی خەڵک، بێبەشکردن لە کار و خوێندن و دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلی هاووڵاتیان، ڕاگەیاندنی شەڕێکی ئاشکرای دەسەڵاتی داعشییە لە دژی بزووتنەوەی بەربڵاوی نافەرمانی مەدەنی ژنان لە سەرانسەری وڵاتدا. ڕووبەڕووبوونەوە فەرهەنگی و مەدەنییەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرەستی ئایینی، بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگای بە ڕادەیەک تووڕە و بێزار کردووە کە پتانسێلی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکی جەماوەری ئێجگار بەهێزکردووە. بەڵام ڕێک لە بارودۆخێکدا کە چین و توێژە مامناوەندەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت ژنان و لاوان شۆڕشێکی بەتەواومانایان لە دژی دەسەڵات دەستپێکردووە، خەبات و نارەزایەتییە ئابووری و چینایەتییەکان زۆر بە هێواشی بەرەوپێش دەچێت. قەیرانی ئابووری لەڕادەبەدەر، ترس لە بێکاربوون، گوشارەکانی سەرچاوەگرتوو لە خەمی نان و بژێوی ژیان، وایکردووە کە ئەم خەباتانە زۆر بە پارێزەوە هەنگاو بنێن. ئێستا زۆرێک لە بەشەکانی بزووتنەوەی کرێکاریی لە زۆر حاڵەتدا، لە ترسی داخرانی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان، لە ترسی بێکاربوون و لە ترسی لەدەستدانی ئەم سەرچاوە کەمەی بژێوی ژیانیان، ناچارن بە وریایی و بە پارێزەوە هەنگاو هەڵبگرن. بەڵام بەم حاڵەشەوە دەرفەتێکی مێژوویی ڕەخساوە بۆ ئەوەی ئەم بەشە لە خەباتی چینایەتی زیاتر لەسەر پرسی خۆڕێکخستن تەرکیز بکەن، لەبەر ئەوەی ڕێکخراوبوونی سەربەخۆ ڕەمزی بەهێزبوونی ئەم بزووتنەوەیە. ئەم جیاوازییە لە ڕیتمی بەرەوپێشچوونی خەباتی ئابووریی_چینایەتی لەگەڵ خەباتی مەدەنی-فەرهەنگی، یەکێکی دیکەیە لە کێشە و ئاڵەنگارییەکانی بەردەم ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە. کەمبوونەوەی ڕێژەی بزووتنەوە نارەزایەتییە ئابووری-بژێوییەکان لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، بەردەوام ئەو پرسیارەی دەهێناگۆڕێ کە بۆچی وایە؟ بۆچی بەشی خۆڵەمێشی کۆمەڵگا، ژنان و لاوانیان بەتەنیا هێشتووەتەوە؟ ئێستا ڕوونتر دەتوانین ئەم جیاوازییەی نێوان خەباتی توێژە جۆراوجۆرەکان شەن و کەو بکەین و لێی تێبگەین و بەدوای ڕێگاکانی هاوئاهەنگکردن و لێکنزیکبوونەوەیاندا بگەڕێین. ئاشکرایە کە ڕاکێشانی خەباتی جەماوەری بەرەو گەڕەکەکان و ڕێکخستنی گەڕەکەکان لە بزووتنەوەی نارەزایەتیدا، دەتوانێت ئەڵقەیەکی بەهێز بێت بۆ لێکگرێدانی بزووتنەوەی مەدەنی-فەرهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی ئابووری-بژێوی. جگە لە ناوەندەکانی کار، لە شوێنەکانی تر و لەو گەڕەکانەش کە هەمووان بوونیان هەیە، دەتوانرێت یەکگرتوویی و پەیوەندی پێویست بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفت و ئاڵەنگارییانە پێکبهێنرێت.

چوارەم- چاوخشاندنێک بەسەر خەباتی مەدەنی-فەرهەنگی و چینایەتی-ئابووریدا، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئێستا ئیتر داواکارییەکانی بزووتنەوەکە ڕوونتر و وردبینانەتر دیاری دەکرێن. دوورکەوتنەوە لە ئایین و بێ متمانەیی بە دەسەڵاتی ئایینی و بانگەشەکارانی ئایینی و هەروەها مەیلی بەرەو سکۆلاریزم چوونی جەماوەر لە خوارەوە، ڕێگەی بۆ یەکسانی مافی ژنان و پیاوان لە هەموو بوارەکاندا خۆشکردووە. ئێستا ئیتر ناکرێ بیر لە دەسەڵاتێکی سیاسی بکرێتەوە کە تێیدا ژنان ڕۆڵی کارا و سەرەکییان نەبێت، نەتەوە ستەم لێکراوەکان ڕۆڵی بەرچاوی تێدا نەگێڕن، چین و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگا دەوری چارەنووسسازی تێدا نەبینن و حیزب و ڕێکخراوەکان و مافی ئازادی بێ ئەملاو و ئەولای ڕادەربڕین و بیر و باوەڕ تێیدا ڕەچاو نەکرێت. جیا لە بوارە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکان، لە بوارەکانی ئابووری و بژێویشدا، داواکارییەکانی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێڕانەیە گەلێک ڕوون و ئاشکران. داواکارییەکانی وەک خوێندن، چاودێری تەندروستی بێبەرامبەر، شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاو و هەرزان، دابینکردنی کۆمەڵایەتی گشتگیر بۆ هەمووان، هەلی کاری یەکسان و بێ جیاوازی، مافی پێکهێنانی ڕێکخراوی کرێکاران لە شوێنی کار و ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوانە لە ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا، نەهێشتنی شێرکەتە پەیمانکارییەکان، دارشتنی یاسایەکی پێشکەوتنخوازانەی کار کە سەرجەم کرێکاران لەخۆ بگرێت و هەروەها ڕۆڵ و جێگە و پێگەی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران لە بڕیارە سەرەکییەکانی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا، لەزومرەی ئەو داواکاریانەن. سەرجەمی ئەم داواکاریانە خەریکە وردە وردە دەخرێنەڕوو. ئاشکرایە کە ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕانەیە هێشتا نەیتوانیوە داواکارییەکانی خۆی بە شێوەیەکی ڕوون و دیاریکراو بخاتەڕوو. بەڵام تا ئەم ئاستەش لە خستنەڕووی داواکارییەکان و ئاراستەکردنیان، زۆرێک لە ئەڵتەرناتیڤەکانی بۆرژوازیی پشتبەستوو بە سیاسەتە ئیمپریالیستییەکان و مۆدێلەکانی بانکی جیهانی و سندوقی نێونەتەوەیی پووڵی خستووەتە پەراوێزی خەباتە چینایەتییەکانەوە. بە واتایەکی تر، داواکارییەکانی ئێستای ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینا، پێویستی بە ئاڵترناتیڤێکی چەپی کۆمەڵایەتییە. بەڵام گرفتی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە نموونەیەکی ڕوونی ئەڵتەرناتیڤێکی چەپی مۆدێرن و ئەمڕۆیی کە پشتبەستوو بێت بە جەماوەری خەڵک و دێموکراسیخواز و یەکسانی خواز بێت، بەدەروەست و پابەند بە ئازادی ڕادەربڕینی بێسنوور بێت و خوازیاری پەرەپێدانی دێموکراسی تا ئاستی بوارەکانی ئابووریی بێت، هێشتا نەخراوەتەڕوو و بەکردەوە ئەزموون نەکراوە. مۆدێلەکانی ڕابردووی ئەڵتەرناتیڤی چەپی سەدەی بیستەم و حیزب_دەوڵەتی، بەجۆرێک مایەپووچ و شکستخواردوون کە چیتر ناتوانێت سەرنجی خەڵک و بەتایبەت نەوەی نوێ بەرەولای خۆی ڕابکێشێت. هەروەها پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵەش بکرێتەوە کە ئەگەرچی چەپ هێشتا لە ئاستی جیهاندا نەیتوانیوە مۆدێلێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات، بەڵام چەپی مۆدێرن و ئەمڕۆیی قسەی زۆری هەیە بۆ وتن. چاوخشاندنێک بەسەر ئەو یاسا بنەڕەتییەی کە لەلایەن مەجلیسی دامەزرێنەری شیلییەوە دارێژراوە، فۆرمێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو لە دەسەتدارێتی چەپی ئەمڕۆیی نیشان دەدات. هەرچەندە ئەم یاسا بنەڕەتییە بەهۆی پڕوپاگەندەی فریوکارانەی ڕاستڕەوە توندئاژۆکان و هاوپەیمانە ئیمپریالیستییەکانیان نەیتوانی دەنگی زۆرینەی خەڵکی شیلی بەدەستبهێنێت، بەڵام بەیانگەری مۆدێلێکی درەوشاوەیە و دەکرێت لەمجۆرە مۆدێلانە ئیلهام وەربگیرێت. بە واتایەکی تر ئاڵوگۆڕە شۆڕشگێڕانەکانی ئێران پێویستی بە بەدیل و ڕێگەچارەی چەپ هەیە. ئەم چارەسەرەش تەنیا لەڕێگەی سازماندەیی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیەوە دەتوانرێت بەرەوپێش بچێت. چەپ دەبێ لە نەبەردی دێموکراسیدا ڕێگای بەرەوپێشچوون و سەرکەوتنی خۆی بدۆزێتەوە. چینی کرێکار بە مانا بەرفراوانەکەی واتە کرێکارانی پیشەسازی، کرێکارانی سەرجەم بەشە خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی شار و وڵاتدا، لەوانە بەشی گواستنەوە، مامۆستایان، پەرستاران و هتد...، بۆ ئەوەی بتوانێت بە تەواوی کۆمەڵگا بەدەستەوە بگرێت، پێویستە پتانسێلی ژیان و گەشەکردن لە ژینگەیەکی دێموکراسیدا بەدەستبهێنێت، خۆی ڕێکبخات و بە یەکگرتووکردنی زۆرینەی کۆمەڵگا، ئاڵای شۆڕشی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە بگرێت. لەمڕووەوە نەبوونی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕوونی کە لە قوڵایی کۆمەڵگادا پێکهاتبێت، ئاڵەنگارییەکی زۆر جیددی دیکەی بەردەم بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینایە.

**حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران ( ڕاهی کاریگەر)**
**هەینی ٧ی ڕەزبەری ١٤٠٢ / ٢٩ی سێپتامبری ٢٠٢٣**


***

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم- ژمارە ٤٣٥-نیوەی یەکەمی ڕەزبەر١٤٠٢-اکتبر ٢٠٢٣

# سیمای پەروەردە و بارهێنان لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ڕژیمی ئیسلامیدا

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٤ ساڵی ڕابردوودا، بەردەوام هەوڵی داوە تا بەسەر ناوەرۆکی بواری پەروەردە و بارهێناندا زاڵ بێت. ڕژیم بۆ گەیشتن بەم ئامانجە و هەروەها ڕێگریکردن لە شکستی ئایین لە بەرامبەر زانستدا، مەدرەسەکانی کردووەتە ناوەندی فێربوونی ئایین و خورافە و ناوەندی لەبەرکردنی بابەتی بێ ناوەرۆك. لەم شوێنانەدا لە بری ئەوەیکە یارمەتی منداڵان و تازەلاوان بدرێت تا خۆیان و جیهانی دەورووبەریان وەك خۆی بناسن، خوێندکاران ناچار دەکەن مێشکیان بە بابەتی بێ ناوەرۆك و نەگونجاو لەگەڵ زانستی دونیای سەردەم پڕ بکەن. لە مەدرەسە و ناوەندە ئامووزشییەکانی ئێران لە بری ئەوەیکە دوایین دەستکەوتەکانی زانست و کۆمەڵێك زانیاریی ئینسانی ببێتە ئامانجی فێرکردن و خوێندکاران لە دوایین پێشکەوتنی زانست و گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئاگادار بکەنەوە، بەڕادەیەکی زۆر خوڕافاتی مەزهەبی لە ڕێگەی کتێب و سەرچاوە ئامووزشییەکانەوە بەسەریاندا دەسەپێت. خوێندکاران هەر لە یەکەمین ساڵەکانی خوێندن و مەدرەسەیانەوە، دەبێ فێری نوێژ و ڕۆژووگرتن بن و لەگەڵ نەسیحەت و ئامۆژگارییەکانی پێغەمبەران و ئیمامان ئاشنا بن. کچان دەبێ خۆیان وەک ڕەگەزی دووهەم ببینن بەو بێ مافییە ڕەها و سووکایەتییەی کە "کتێبی ئاسمانی" بۆی بە دیاری هێناون، عادەت بکەن. دەبێ فێربن کە چۆن لە ژێر عەبا و مەقنەعەدا قژیان داپۆشن. زیرەکترین و بەتواناترین خوێندکارەکان دەبێ ببنە حافزی قورئان. کتێب و بابەتە ئەدەبییەکان بە بێ لەبەرچاوگرتنی داهێنان و زەوق و هونەری خوێندکار، بوونەتە ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی خوڕافات و وشەی بێ مانا و ناوەرۆکی

ئەم کتێبانە هیچ بایەخێك بە کێشە و پێداویستییەکانی لاوان نادات. خوێندکاران بۆ وەرگرتنی نمرەی قەبووڵی



و تێپەڕکردنی قۆناغەکانی خوێندن، بابەتەکان بە بێ ئەوەیکە هیچ چێژیەکی لێوەربگرن یان هەستی ئەدەبییان ببزوێنێ، تەنیا لەبەری دەکەن. کتێبە مێژووییەکان نە تەنیا خوێندکاران لەگەڵ مێژووی ڕاستەقینەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا ئاشنا ناکەن، بەڵکوو بە دەست تێوەردان لە مێژوو و ئاوەژوو نیشاندانی ڕووداوە مێژووییەکان و بایەخدانی یەك لایەنە بە کەسایەتییە مێژووییەکان، بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو سەردەمە کۆمەڵایەتییەی کە تێیدا سەریان هەڵداوە، خوێندکاران لە هەر چەشنە ڕاست بینییەك دوور دەخەنەوە و مەیل بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ڕووداوە مێژووییەکان لەناو دەبەن. فێربوونی زمانە دەرەکییەکان بەهۆی نەبوونی پێوەر و ڕێوشوێنی فێرکردنی ستاندارد و بەهۆی نەبوونی ئیمکاناتی پێویست، بووەتە کارێکی دژوار و تاقەت پڕووکێن. هەروەها، شێوازی وتنەوەی دەرسەکانیش بنەمایەکی زانستییان نییە و لە دەستکەوتە نوێیەکانی بابەتی پەروەردە و بارهێنان بەدوورن. بۆ نموونە، لێکۆڵینەوەی دەروون ناسان نیشانیداوە کە لاوان بۆ پەروەردە کردنی هێزی عەقڵانیی خۆیان، پێویستیان بە شوێنی کاری جەمعی هەیە تا لەوێدا بتوانن پێکەوە لەسەر ئەزموونەکانی زانست قسە و باسی هاوبەش بکەن و بەکۆمەڵ هەوڵی بۆ بدەن. خوێندکاران وێڕای فێربوونی زانست و تێکنیك، پێویستە ئازادانە چەمک و خەیاڵی دەروونی خۆیان شکڵ پێبدەن و بە دەستی خۆیان هەندێک لەو پەیوەندی و گریمانە زانستیانەی لە مێشکیاندا دروست دەبێت، تاقی بکەنەوە. بەڵام لە مەدرەسەکانی ئێران بەهۆی زۆربوونی ژمارەی خوێندکاران لە کلاسەکانی خوێندن، نەبوونی کاتی پێویست و کەمبوونی تاقیگە و کارگە یان نەبوونی ئیمکاناتی ستاندارد لە شوێنە ئامووزشییەکان، موعەلیمان بوونەتە بنەمای هەموو ئامووزش و فێرکارییەك. لە ڕاستیدا، ئەم شێوەکارە مەجال و دەرفەتی لێکۆڵینەوەی جەمعی و تاوتۆێکردنی بیروڕا و بەشداری لە بوارە جۆراوجۆرەکان لە خوێندکاران دەستێنێتەوە و ناچاریان دەکات تواناییەکانیان تەنیا بۆ لەبەرکردنی ئەوەی وا موعەلیم بەشێوەی زارەکی پیاندەڵێت، بخەنە گەڕ. لە مەدرەسەکانی ئێران، لە لایەکەوە بەهۆی قەبارەی زۆری کتێبەکان، کەمبوونی کات و قەرەباڵغی کلاسەکان و لە لایەکی دیکەوە بەهۆی نەبوونی شارەزایی هەمەلایەنەی موعەلیم سەبارەت بە گشت بابەتەکان، خوێندکاران دەرفەت و مافی بەشداری و ڕادەربڕینیان نییە. ئەم شێوەیە لە دەرس وتنەوە، بەربە گەشە و داهێنانی خوێندکار دەگرێت و کلاسەکانی دەرس دەکاتە شوێنێکی بێزارکەر. ئاشکرایە، لە چوارچێوەیەکدا کە کۆنەپەرستی بەسەریدا زاڵە، کەش و هەوایەك کە پڕە لە بابەتی دابڕاو لە خواست و ژیانی ڕاستەقینەی خوێندکاران، کلاسی دەرس و مەدرەسە هیچ خۆشییەکی بۆ خوێندکاران نامێنێت و دەبێتە شوێنێکی ناخۆش و داخراو. کاتێك کە کلاسەکانی دەرس بوونە شوێنێکی یەکچەشن و تاقەت پڕووکێن، کاردانەوەی سرووشتیی خوێندکاران، هێندێك جار، لە لایەن موعەلیمەوە لەگەڵ جوێن و تەنبێی جەستەیی بەرەوڕوو دەبێتەوە و ئەوەش زۆرترین زەرەبە لە کەسایەتیی منداڵان و تازەلاوان دەدات. کاتێك کە موعەلیمەکان لە حاسڵی دەرس وتنەوەی خۆیان لە سەر کلاس ڕازی نین و یان نیگەرانی ئەوەن کە شاگردەکانیان ئەوەیکە فێری بوون لەبیریان بچێتەوە، تەکلیفی قورسیان بۆ دادەنێن تا لە ماڵەوە ئەنجامی بدەن. ئەم شێوازە، کە یەکجار باویشە، خوێندکار لە دەرس و مەدرەسە بێزار دەکات. لە سیستەمی فێرکردنی ئێراندا، وەرزش و پەرەوەردەکردنی جەستە و ڕۆڵی کاریگەری لەسەر منداڵان و تازەلاوان، بایەخی جیدیی پێنادرێ. منداڵان و تازەلاوان بەهۆی نەبوونی شوێنی گونجاو لە شار و گوندەکان و هەروەها بەهۆی ژیان بەسەربردن لەناو ئاپارتمان و ماڵی چکۆلە و قەرەباڵغدا، شوێنێکیان بۆ وەرزش و یاریکردن نییە. دیارە فەزای بەرتەسکی مەدرەسەکانیش، هیچ کات، وەها دەرفەتێك بۆ خوێندکاران ناخوڵقێنێت. لە وەها باروودۆخێکدا، هاتنە مەیدانی هێزی بەرینی خوێندکاران، موعەلیمان و مامۆستایانی خەباتکار و گرێدرانی خەباتی ئەوان لەگەڵ خەباتی کرێکاران و باقی بەشە ناڕازییەکانی کۆمەڵگا، دەتوانێت نەک هەر هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ زاڵبوون بەسەر فەزای فێرکردن و بارهێناندا پووپوچەڵ بکاتەوە، بەڵکوو ڕێگە خۆش دەکات بۆ ڕزگاربوونی یەکجاریی کۆمەڵگای ئێران لە چنگ دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی.

***

# هەڵوەدای وتووێژ، پێکەنین و ئازادی پوویەندە

**لە فارسیەوە: سەعید ئەمانی**

وتەی ئالکۆس: " بێنە بەرچاو کە ژیان بەردەوامە و تۆ ونی، بەهار بەگشت پەنجەرە کراوەکانییەوە لەرێدایە و تۆ ونی، کچان بە کراسە ڕەنگاوڕەنگەکانیانەوە لەسەر نیمکەتی باخە گشتیەکان دانیشتوون و تۆ ونی، لاوان لەکاتی نیوەڕۆدا مەلە دەکەن و تۆ ونی، داری گوڵ کردوو بەسەر ئاودا دەچەمێتەوە و تۆ ونی، ئەم هەموو ئالایە بەسەر گوێسوانەکانەوە دەشەکێنەوە لە شەقامی " ئوستاد" سان ئەبینن جەماوەرێکی بێ ئەژمار ئاڵا سوورەکان بە دەستەوە دەگرێ، واتە خەونەکانی بەدەستەوە دەگرێ، بە بانگی بەرز وشەی هاوڕێ دەڵێتەوە و تۆ ونی. دواتر کلیلێك کە با ئەدرێت و هۆدەیەکی تاریك دوو زار کە لە تاریکیدا بە یەکەوە پەیوەست دەبن و تۆ ونی، دوو پەیکەر بێنە بەر زەین کە یەکتری ئەگرنە ئامێز و تۆ لەژێر گڵدا ئارامت گرتووە و دوگمەکانی کۆتەکەت کە ماوەیەکی دوور و درێژ پتر لە خۆت لەژێر گڵدا دەوام دێنن و ئەو کاتەی دڵت کە ئەم هەمووە دنیای خۆشویستووە جیا بوویێتەوە، گوللەیەك کە ڕێگای کەوتە دڵتەوە، جیا نابێتەوە.

هەر ئەو شەوە ئەوان" ئالکۆس"یان قۆڵبەست کرد." ئالکۆس" کەسی ئاشکرا نەکرد. "ئالکۆس" سێ شەو و سێ ڕۆژ بە هەڵواسراوی مایەوە "ئالکۆس" وەك تێکۆشەرێك مرد. ئەو وەك هاوڕێیەکی ڕاستەقینە مرد. ئەو لە ئاخرین ساتەکاندا هاواری کرد:" هەزاران ئەستێرە لە قووڵایی وجوودی ئێمەدایە. ئێوە ناتوانن بیانکوژن" و " ئالکۆس" ئەستێرەکانی بەخشییە ئاڵای شەڕ.

..... وتەکانی یانیس ریتوس

ئاە ئەم با ساردە سرەوتنی نییە، ئەلوورێنێ و ئەلوورێنێ و ئەلوورێنێ. دەنگەکان و سەفحەی مێژوو تێك هەڵدەگلێن و تیکەڵ دەبن بڵێسەی گشت گڕکانەکانی دنیا، پێکەوە دەلکێنێ لێڕەواری گەورەی هیواکان، ئاڵای وەزارەتخانەکان ئەدڕێنێ، ساتێك دەوێستێ بۆ ئەوەی قەیتانی کەوشەکانی لەپشت ماڵێکی سووتاوەوە توند کاتەوە و دەڕوات، دەڕوات، دەڕوات. و چ ساڵانێك ڕۆیشتوون و ئەو ئێستاش هەر کۆتایی نەهاتووە، بە هەنگاوی بڵیند لە پەنجێرەی ماڵە سووتاوەکانەوە تێدەپەڕێ، ئەو کەوشی ناقۆڵای کوژراوەکانی لە پێدایە، لە شەقامە قیل تاو کراوەکاندا دەنگی پێیەکانی دەبیسترێ. هەنگاوەکانی لەو بیابانە ڕووتەنەدا کە تۆوی ئێسقانی تێدا چێندراوە، هەنگاوەکانی بەسەر کوێستانی گەورەی پڕ لە کەللە سەر و قەل و داڵدا، هەنگاوەکانی لەناو سەرنگەر و سەربازخانەکاندا، لە کاتی شەودا و لە کاتێکدا کە شەیپوورەکان کاتی خامۆشی لە سەربازخانەکاندا ڕادەگەیەنن دەنگی هەنگاوەکانی باشتر دەبیسترێ. و دایە گەورە " لنی" دەست لە کارەکەی هەڵدەگرێ و سەر بەرز دەکاتەوە و گوێی بۆ ڕادەدێرێ و سێبەری دەستی کە دەرزییەکەی ڕاگرتووە بەسەر دیوارەکەوە نەخش دەبەستێ. سێبەری دەستی دەمانچەیەکە کە لەودیو دیوارەوە دڵی " فاشیست" ی کردۆتە نیشانە.

باڵا بەرز، ڕەش تاڵە کراسێکی چینی زۆر خاوێن و شەڕواڵێکی جینی کاڵەوە بوو لەبەردا. پاییز و زستان کۆتێکی سوورمەیی یەخە بچووك و یەخە هەڵگەراوە، قەد باریك و گەردەن فەراز. گەردنێکی کە هێشتا جێگای هیچ تاسمە و برینێکی پێوە دیار نیە. پێدەکەنی پێکەنینەکەی هاوارێکە. لەگەڵ پیکەنینەکەیدا ئاسمان شین دادەگەرێ. ئێستا هیچ کەس نازانێ کە خوێندکاری دەورەی کۆمەڵناسی لە یەکێ لە زانکۆکانی فەڕانسە بووە و بە هەوای شۆڕش و بەشداری کردن تێیدا بە نیوەچڵی بەجێی هێشتوە. ئێستاش کەس نازانێ کە ئەو دەیتوانی قازییەکی پایەبەرز و یان پارێزەرێکی لێهاتوو بێت. فەوقی لیسانسی لە زانکۆی تاران وەرگرتووە، و هەر ڕۆژە لە شوێنێك کاری کردووە و هیچ ڕەنج و ئازارێك چۆکی پێدانەداوە. زمانی فەڕانسەوی بە هەوڵی خۆی و لە ئەنجوومەنی ئێران و فەڕانسە فێر بووە و ڕووی کردۆتە ئەو وڵاتە. لە فەڕانسە خزمەتکار بووە، کرێکاریی کردووە و لە هۆدەیەکی تەنگ و تاریکدا زەردە لەسەر لێو و چاوە گەشەکانی بڕیوەتە هیواکانی سبەینێی داهاتوو، چاوەڕوانی ئەوە بووە ئاسمان ساوبێتەوە و یان لەگەڵ ... شایەد ئەستێرەیەك سوور و گەش بە بەرۆکییەوە. بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە لە هیچ کارێکی تاقەت پڕوکێن ناپرینگێتەوە. ئێستا جێگای هیچ چەشنە تاسمە و برینێکی بە ئەستۆوە دیار نییە. مەگەر بەهۆی نووشتانەوە بەسەر کتێبەکاندا جار جارەیەك ژان بکات.

ئەو هاوینە لە سەرتاسەری ئوروپا لە دارستانە چڕەکانی ئاڵمان، ئەو و سەفەری دارستان و دەریا. ئەو کە زادەی بیابان و کەویرە باش دەزانێ دەریا یانی چی. تەڕایی چ تامێکی هەیە. گەردنی بەرزی بە دوو چاوی کراوەوە و بە پێکەنینێك لەسەر لێو بە گشت لایەکدا دەگێرێ. نا! ئێستا جێگای هیچ چەشنە تاسمە و برینێکی پێوە دیار نییە.

بە ئارامی کتێبەکان لەسەر شتەکانی هاوڕێ برایم دادەنێ. دەکشێتەوە. چاوم تێبڕیوە. پێدەکەنم. پێدەکەنێ.

بە شۆڕش پەیوەست بووە. لەگەڵ گشت شوور و پێکەنینێکدا لە ئێمە گەورەترە، ڕیش و سمێڵی هاتووە، ڕیش دەتاشێ و بەغیلیان پێی دێ. سیگار ناکێشێ و ئێمە دەکێشین. کە لە یەك نزیکتر دەبینەوە، دەڵێ: "هاوڕێ ئەگەر بتوانی وەلای نێی..." دەڵێم ئەگەر وەلای نەنێم؟ پێم دەڵێ:" خۆ ئێمە وەلا نانێی" دەڵێم....

هێشتا زووە تا فرمێسك لەچاومدا کۆ ببێتەوە، گریان سەر بدەم. نازانم واتای تەرك یان جیا بوونەوە یانی چی. دواتر پێدەزانم. کاتێکی کە ئەمیر و مەجید و بێهرووز و داریوش و باقی هاوڕێیان ئێعدام دەکرێن، پێی دەزانم کە جیابوونەوە یانی چی. وە یان ئەوکاتەی کە جەعفەر بە جێگای تاسمە و چەند برین بە گەردنەوە دەبینم.

ساڵی ٦٠ هەموو چاوەڕێ بوون. دەڵێ: ڕەفیق زۆر دژوارە ئینسان دۆستەکەی لە شەقام ببینێ و ڕووی نەداتێ. وە یان هەر وا سەربنێتەوە و بڕوات. بەڵام ئەو تاقەت ناهێنێ و پێدەکەنێ. بە دەنگی بەرز. دێتە پێشێ. کاتێك دەگریم، کاتێك کە بێهروز و ئەمیریان ئێعدام کرد و داریوش مرد، دەگریم. دەگری. دەڵێت: هاوڕێ هێندێك لە شتەکان لە دەرەوەی ئیرادەی ئێمەن. یانی کە دەبێ لە بەرانبەریاندا چۆك دادەین؟، دەڵێت: نا، خۆڕاگر بە و هەوڵ بدە بیگۆڕی، بنەڕەتی شتەکە ئەوەیە کە دەبێ ببی. بنیادەم دەبێ هەوڵ بدات ببێ بمرە و ببە. ئەوان بوون. وە پوویەندە مرد و بوو. هاوڕێ بمرە و ببە. ساڵە سەختەکانی سەرەتای شەست تێپەڕ دەبێ، ماوەیەکە کە نەمدیوە. لە نزیکی مەیدانی بەهارستان کاتێکی کە چاوم بڕیوەتە کتێبی حەلاج ماسینیون لەناو ویترینی کتێب فرۆشی مەنووچهری، دەستێك دەکەوێتە سەرشانم. لە ئامێزی دەگرم. ماچی دەکەم. شەش مانگ بوو کە ونم کردبوو.

...

خۆزگە هەر ون دەبوو. کاتێکی گوتیان شوێنەواری نییە، هاوسەرەکەم وتی: ون بووە، شوینەواری ینیە، نەیان کوشتووە، سیماش وتی جەعفەر دوو ڕۆژە کە دیار نییە. سەد خۆزگە ون دەبوو. ئەی نازنین.

لە چاپخانە کار دەکەین. کاتێك کە دێ و لە پلیکانەکان دێتە خوارێ هەموو گەش دەبینەوە. لە داریوش دەکوتم. دەڵێ: چیە؟ دەڵێم: هات پێم دەڵێ مەیکە بە هەرا، ڕووی مەدەیە. بۆتە بەرپرسی کڕینی چاپخانە. شەوانە وردە کاغەزەکان دەباتە ناو لیتۆگرافی و لە سەریان دەخەوێ.

من تەنیا شەوانە کار دەکەم، ئەویش ڕۆژانە. شەوانەش نایەڵم بخەوێ. من بە ڕۆژدا لەنێو عەمباری کتێب فرۆشییەکەی ئەکبەردا دەخەوم و ئەویش بە شەو لەنێو لیتۆگرافییە سارد و شێدارەکەدا دەنوێ. تا دەمەو بەیانی کتێب دەخوێنێتەوە. لە ساڵی ٦٢ وەوە دەستی بە وەرگێران کرد. یانی پێشتریش ئەو کارەی کردبوو بەڵام نەك ڕۆمان و فەلسەفە." بابا گوریو" هەوەڵین وەرگیرانێتی کە بە چاپ دەگات.

دوای وەرگێڕانی چەند شوێنەوارێکی تر دەمەوکازیوەی فەلسەفەی بورژوازی هۆرکهایم هەوەڵین کتێبێکی فەلسەفییە کە تەرجەمەی دەکات و کۆتایی ئەو کتێبانەشە کە بە چاپیان دەگەیەنێت، وە یان بە چاپ دەسپێردرین. ئێستا ئیتر گلدمن و باختین بە تەواوی زەینیان داگیر کردووە. تەواوی هەست و هۆشی چۆتە سەر کۆمەڵناسی، ڕۆمان( ئەدەبیات)، هاوڕێ ! لەژێر عەرزیش بێ فیلمی سووکایەتی" ژان لۆك گدار" بەدەست بێنە بیبینین. بەهۆی گلدمنەوە ئێمەش گشت شوێنەوارەکانی مالرو دەخوێنینەوە. و بەهۆی جەعفەرەوە دەبینە ئەویندای چارەنووسی بەشەر و دژی بیرەوەری. هاوڕێ ئیتر تەنیا بە چەك و تەنیا بە توند و تیژی ناکرێ ئەمانە بگۆڕین. مەسەلەکە لەوە ئاڵۆزترە. بۆ هەرچی ڕوونتر هەستکردن بە نەزمی چەپەڵی سەرمایە و گشت بۆن و بۆسارەکانی ئەو" دێوەزمانە" ی ئەمڕۆ دەسەڵاتدارن پێویستە لە بنچینەی بابەتەکە حاڵی بین. پێویستە سەرەتا خاوەنی بۆچوونێکی تەواو و کەماڵ و بێ عەیب و مۆدێرن بین. پێویستە بزانین مەسەلە چییە و دوایی لەم کەرەستەیە واتە:( مارکسیسم) کەڵك وەربگرین.

بە توندی سەوداسەری لوکاچ و گلدمن و کۆمەڵناسی ڕۆمانی ( ئەدەبیات) بووە. زۆر شادمان بوو کاتێک بیستی کە کۆمەڵناسی ڕۆمانی ( ئەدەبیات) وەکوو گرایشێك لەنێو کۆلێجی کۆمەڵناسیدا بە ڕەسمی ناسراوە و بۆتە کتێبێکی دەرسی.


پێدەکەنێ. باختینی دۆزیوەتەوە. سەوداسەری وتووێژ، پێکەنین و ئازادی. هاوڕێ! پێویستە مارکس ئیپیکووری ( بە چێژ و هۆگریەکی تایبەتییەوە) بخوێندرێتەوە. پێدەکەنێ. و ئێستاش جێگای تاسمە و برینێك بە گەردنیەوە دیار نییە. لە چاپی خانەیەکی نەناسراودا کە ئێمە ناوی مستەفا پایانمان لێناوە چاوەڕێیە. شەممە و سێشەممە زۆرکەس ڕۆیشتن بۆ دەرەوە وا. دەڵێم: بڕیویانە یان ماندوو بوون؟ دەڵێ: نا هاوڕێ. پێدەکەنێ. لەساڵی ٦٤ دا هەوەڵین ماڵ بەکرێ دەگرێ و کەلوپەلی بۆ بەدەست دێنێ. بەڵام لە کەمتر لە سێ مانگدا زیاتر لە دە ماڵ، دەگۆڕێ. لە زۆر شوێن خەریکی کارە، زۆربەی کارەکان لە پێوەند لەگەڵ شوێنە چاپەمەنییەکاندایە. شەوانەش ئارام دادەنیشێ و سەرگەرمی وەرگێڕانە. بۆ ڕێك و پێك کردنی ڕستەیەك چەندین جار سەردانی ئەبولحەسنی نەجەفی، ڕەزا سەید حسینی و کەسانیتر دەکات. هیچ کات لەکاری فێربوون ماندوو نابێت. نەسرێکی ڕەوانی بە دەست هێناوە. سەرگەرمی وەرگێڕانی فەلسەفە و ڕەوشی ڕۆمانە. شیرین و سەرنج ڕاکێش. تۆدرۆف، ئێپیکا، باختین، دریدا، یاکوبسین... بۆ وەرگێڕانی دێرێك جاری وایە پێویستە بیست کتێب بخوێنێتەوە و سەردانی چەندین سەرچاوە بکات. کاتێك بە یەکەوە چاو لە فیلمی نوستالژی تارکوفسکی دەکەین بە زەردە خەنەیەکەوە فرمێسك لە چاویدا ئاڵقە دەبەستێ. پێی دەڵێم زۆرکەس ڕەنگە لەم دنیایەدا وەك تۆ غەریبە بن! لە غەریبە بوونی دڵت گیرا، وانییە؟ ئەڵێت نا هاوڕێ، یەك ڕستەی، تەنیایەك ڕستەی "□.. دایکی هەوا ئەو شتەیە کە بە پێکەنینی تۆ سافتر ئەبێت" دواتر لە ساڵی ١٣٦٧ دا دایکی بەهۆی سەکتەی دڵەوە گیانی لەدەست ئەدات و خوشکیشی سەرەتان دەگرێت و هەر لەو کاتەدا کە فرمێسك لە چاویدا پۆنگی خواردۆتەوە پێدەکەنێ بە گەردنێکی بەرزەوە کە جێگای هیچ تاسمە و برینێکی پێوە دیار نییە.

جیا لە دەستێك مۆبلی حەسیری و تەختێکی خەو کە نازنینیشی لەسەر دەخەوێ شتێك لە ماڵە بچووکەکەیدا نییە. کتێبی ئەگەر منداڵی کچتان هەیە( لەلایەن کچانی منداڵەوە) وەردەگێڕێ بۆ دایکی و کچە بچکۆلانەکەی نازەنین، هاوڕێ! حەیفە درۆ و دەلەسە لە مێشکی نازەنین بئاخنن. دەبێ بچێتە قوتابخانەی مۆسیقا. حەتمەن ئێستا نازەنین زۆر گەورە بووە و زۆریش تەنیایە. قەد و باڵای لە بابی دەچێ، باڵا بەرزە. لەسەر کۆڵانێك لە نزیك مەیدانی شۆڕش ڕووبەڕووی ژاندارمەی پێشوو کە جێگای دەست بە ئاوی موعتادان و شەوزیندەداران و کۆپین فرۆشەکان و دەلاڵەکانە، ماڵێکی چووکەی فەقیرانەی بەکرێ گرتووە کە شەو تا بەیانی چرای دیوەکەی دایسێ. کاتژمێر دووی شەو بە ئاستەم لە پەنجێرەکەی دەدەم. سێجار، دەرگا دەکاتەوە، هیچ کات دەرگا داناخاتەوە. دواتر شوێنی نهێنی کلیلەکەم پێنیشان دەدات. کاتێك تەواوی دەرگاکان داخراببن، کاتێك تمەنێکت پووڵ لە گیرفاندا نەبێت یان پێویستیت بە زەردە خەنەیەك، چشتێکی گەرم بێت، پێویستە تەنیا چەند کەڕەت بە قامك لە شووشەی پەنجێرەکەی بدەی. حەتمەن دەیکاتەوە. بە زۆر کارگم دەرخوار دەدات. بە نازەنین دەڵێ: "بابە گیان! تاریفی باشیەکانی کارگی بۆ بکە".

ئەگەر هەستت بە مەترسی کرد، فرمێسکت چاوی تەڕ کردی، پێویستە تەنیا چەند پەلەپیتکە لە شووشەی پەنجێرەکەی بدەی. دەیکاتەوە. هەموو خۆشیان دەوێ: کرێکارەکانی چاپخانە، لیتۆگرافی و سەحافی کاتێك ماوەیەك دیار نابێت هەموویان....

سەد خۆزگە ون دەبوو. سەد خۆزگە قەت نەیان دەدۆزیەوە. هەر نەبێت دڵمان بەوە خۆش بوو کە ڕۆژێک دەگەڕێتەوە. ئەو ناکەسانە بەبێ هۆ لە ئێرانشارەوە بردیانە شەهریار. شەهریار، ئێرانشار، ئارمانشار، ئدیپ شەهریار، ماکیاولی، کازیوەی فەلسەفەی بورژوازی، ئاخوندی بورژوا، سەودایی پوویەنەدە، وتووێژ، پێکەنین و ئازادی، سەودایی پێکەنین، ئازادی و دوایەش جێگای تاسمە بە گەردنییەوە و ئەو دەستانەی بە گوشینی گەرووی دەیانەوێ بیگریەنن. ئەگەر لە ڕووسیە باختینیان سانسۆر کرد، ئەگەر لە مەجارستان لۆکاچیان وادار کرد بچێتە ژێر فەرمانی حیزبەوە تا بتوانێ زیندوو بمێنێتەوە و هەروا فیلسوف، لە ئێرانیش موختاریان بە نەهێنی کوشت و پوویەندەیان خنکاند، غەفاری حوسەینی، زالزادە، سەعیدی سیرجانی، سوڵتان پوور و زۆر کەسی دیکەش ...نا... زانیاری و تێکۆشانی چینایەتی لەژێر توندترین گوشاری چینایەتیدا لە چاپ دەدرێ و پوویەندە هیچ کات کتێبەکەی لەپشت ویترینی کتیب فرۆشیەکانەوە نابینێت. دەستی کرێکارانی سەحافی بە شیرازەوە ویشك دەبێ کاتێك کە موحسینی ئەوی لە ئیدارەی پزشکی قانوونی دۆزیەوە بە گەردنێکی بەرزەوە بەهۆی گوشاری تاسمەوە ڕەش هەڵگەرابوو.

وە پێکەنینێك، پێکەنینێکی کە ئاسمانی دەکردە ساماڵ پێکەنینێکی کە زۆرجار نازەنین ڕەسمی کردووە و سروودی جیهان بەڕێوەیە. پێکەنینێکی پڕ زایەڵەی کە کۆمەڵگای دژی پێشکەوتن و حاکمیەتی عەدلی ئیسلامی وەلەرزە دێنێ و ڕۆژێك دەیرووخێنێ. پێکەنینێک کە دنیا دادەگرێت. پێکەنینی، پێکەنینەکانی پویەندە.




***

# وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی موعەلیم

ڕۆژی پێنجشەممە ٥ی ئۆکتۆبەر بەرابەر لەگەڵ ١٣ی ڕەزبەر، ڕۆژی جیهانی موعەلیمە. ئەم ڕۆژە لە ساڵی ١٩٩٤ لەلایەن ڕێکخراوی زانستی، فەرهەنگی و پەروەردەیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار (ILO) وەک ڕۆژی جیهانی موعەلیم ناوزەد کرا. مەبەست لە ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژە بریتییە لە « ڕێزگرتن لە جێگە و پێگەی موعەلیمان و قەدرزانییان و لێکۆڵینەوە لە کێشەکانیان لە سەرانسەری جیهاندا». لە ئێران ڕۆژی ١٢ی گوڵان وەک ڕۆژی موعەلیم ناسراوە. لەڕوانگەی موعەلیمانی خەباتکارەوە، ئەو ڕۆژە بە بۆنەی گیانبەختکردنی ئەبولحەسەن خان عەلی، مامۆستای فەلسەفە و زمانی عەرەبی تەمەن ٢٩ ساڵ دیارکراوە، کە لە ١٢ی گوڵانی ساڵی ١٣٤٠دا بە تەقەی بەرپرسی کەڵانەتەری بەهارستان گیانی لەدەستدا. لەو ڕۆژەدا هەزاران موعەلیم لە نارەزایەتی بە لەخوارەوەبوونی حەقستەکانیان لەبەردەم مەجلیسی شۆڕای میللی کۆببوونەوە. بەڵام لە ڕوانگەی ڕژیمەوە بۆنەی ڕۆژی موعەلیم لە ئێران پێوەندی بە تیرۆری مورتەزا موتەهەری یەکێک لە ئاخوندە تیۆریستەکانی ڕژیمی ئیسلامییەوە هەیە کە لە ١١ی گوڵانی ١٣٥٨ لە لایەن گرووپی «فورقان»ەوە لە تاران تیرۆر کرا و هەواڵەکەی ڕۆژێک دواتر ڕاگەیەندرا. بەپێی ئامارەکانی یونسکۆ، یەک لەسەر سێی موعەلیمانی جیهان لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەمە لە کاتێکدایە کە سەرمایەداران زانست وەک کاڵایەک دەفرۆشن و لە ڕەنج و ماندووبوونی موعەلیمان قازانجێکی زۆر دەخەنە گیرفانیانەوە. هەروەها ڕۆژی جیهانی موعەلیمان بۆ کرێکارانی وشیاریش وەبیرهێنەرەوەی ئەو بێعەدالەتیانەیە کە بەسەر سەرجەم زەحمەتکێشانی کۆمەڵگادا سەپێندراوە، ڕێزگرتن لە خەباتەی موعەلیمان بەرامبەر بەو بێعەدالەتیانە، بەواتای پێداچوونەوە بە دەستکەوتەکانیان و پێویستی دیفاعکردن لە داواکارییەکانیانە.

لەو ڕووەوە کە یەکەم چەخماخەی ئەندێشە و بیرکردنەوە لە قوتابخانەکانەوە لێدەدرێن و گەشە دەکەن، جیهان ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێویستی بە موعەلیمی پسپۆڕ، بێخەم و مەشغەڵەی ژیان و خاوەن ورەی بەرزی ئینسانی هەیە. بەڵام ئایا لە کۆمەڵگای ئێراندا ڕێز و کەرامەتی موعەلیم وەک پێویست پارێزراوە؟ ئایا موعەلیمان، کە سەر بە چینی زەحمەتکێشی کۆمەڵگان، ئەوەندە گرنگییان پێدەدرێت کە بەبێ ئەوەی خەمی پێداویستییە مادییەکانیان هەبێت، بیر لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانست و زانیاری خۆیان بکەنەوە؟ واقیعییەتەکانی ژیانی ڕۆژانەی موعەلیمان ئەوە دەردەخات کە زۆربەی موعەلیمان بە جێگای ئەوەی بتوانن بیر لە گەشەپێدانی زانست و زانیاری خۆیان بکەنەوە، ناچارن بەدوای کاری دووەم و سێیەم دا بگەڕێن. زیاتر لە سێ لەسەر چواری موعەلیمانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین و ئەوانی دیکەش بە بوونی کاری دووەم و سێیەم و بە کۆمەکی داهاتی هاوسەرەکانیان، خۆیان لە ژێر هێڵی هەژاری ڕزگار کردووە. لەپاڵ ئەم بەشە لە موعەلیمانی زەحمەتکێش، کۆمەڵێک سیخوڕ و ڕاهێنراوی ڕانتخۆری بەناو حەوزەکانی عیلمییە هەن کە بەرپرسی جێبەجێکردنی پلانە کۆنەپەرستانە و دژە فەرهەنگییەکانی ڕژیمن لە ناوەندەکانی پەروەردەدا. بارودۆخی بژێوی ژیانی موعەلیمانی خانەنشینکراو بە چەند قات لەوە خراپترە، موعەلیمە خانەنشینەکراوەکان کە هەموو تەمەنی گەنجی و مامناوەندی خۆیان بە حەقدەستێکی زۆر کەم و تەحەمولی سەرجەم ئەو دژوارییانە، لە پێناو خزمەتکردن بە دۆزی پەروەردە و بارهێنان لەم وڵاتەدا بەسەر بردووە، لەبری ئەوەی لە تەمەنی پیریدا چێژ لە ئارامی و ئاسوودەیی وەربگرن. سەرەنجام لە هەژاری و دەست تەنگیدا ژیان بەسەر دەبەن. بەڵام کێشەکانی ژیانی ئەم توێژە بێبەشەی کۆمەڵگا تەنها لەوەدا سنوردار نابێتەوە کە لە ژیانێکی شایستە بەهرەمەند نین، بەڵکوو ناچاریش دەکرێن پەرە بە پەروەردەیەک بدەن کە بە تەواوی لەگەڵ خورافات و کۆنەپەرستی تێکەڵاو بووە.

یەکێک لە ڕەنج و ئازارە گەورەکانی موعەلیمانی شەریف و خەباتگێڕ، بریتییە لە نفووز و کاریگەریی ئایین لە پرسی پەروەردە و بارهێناندا. موعەلیمانی ئێران مەحکوومن بەوەی کە لە نزیکەوە شایەتحاڵی جێبەجێکردنی پلانە کۆنەپەرستانەکانی ڕژیم لەوانە جیاکاریی ڕەگەزی لە ناوەندە پەروەردەییەکاندا بن، ئەم دۆخەیە کە جەستەی موعەلیم ماندوو و شەکەت دەکات و ڕۆحی ئازار دەدات. موعەلیمانی بێبەش و زەحمەتکێشی ئێران، لە زومرەی ئەو ئینسانە شەرافەتمەندانەن کە کۆمەڵێ ویست و داواکاری عادڵانەیان هەیە و شایستەی بەربڵاوترین و شێلگیرانەترین پشتیوانین. کۆماری ئیسلامی لە بری پێڕاگەیشتن بە داواکارییە ڕەواکانیان، بە لەسەرکار دەرکردن و زیندانیکردن، وڵامی داخوازییەکانیان دەداتەوە. هەر ئێستا دەیان موعەلیمی خەباتکار لە زیندانەکانی سەرتاسەری ئێراندا دەستبەسەر کراون. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو فشار و سەرکوتانە، خەباتی موعەلیمان بۆ بەدەستهێنانی ویست و داواکارییە ڕەوا و عادڵانەکانیان و هەروەها لەپێناو ئازادی هاوکارەکانیاندا، هەروا بەردەوامە. لە ساڵانی ڕابردوودا، بزووتنەوەی موعەلیمان و فەرهەنگیانی ئێران، لە پێناو داواکاری ئازادی موعەلیمانی زیندانی، هەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی بە تایبەتکردنی پەروەردە، دامەزراندن و بە فەرمی کردنی ئەو موعەلیمە گرێبەستانەی کە لە قوتابخانەکانی پێش لەسەرتایی و لە ڕێگەی شیرکەتە پەیمانکارییەکانەوە بۆ پەروەردە و بارهێنان کاردەکەن، زیادکردنی حەقدەست، پێدانی حەقدەستە وەدواکەوتووەکانیان و هەروەها ئازادی ڕێکخراو و چالاکییە سنفییەکان، لە ئاستێکی بەربڵاو و جەماوەریدا بەردەوام بووە. گرتن، دەرکردن، سنووردارکردنی دامەزراندن و هتد... موعەلیمانی چاوترسێن نەکردووە و هەروا شێلگیرانە سوورن لەسەر داواکارییەکانیان. ڕۆژی جیهانی موعەلیم بە سەرجەم موعەلیمانی تێکۆشەر و زەحمەتکێش و دڵسۆز پیرۆزبایی دەڵێین و دڵنیاین کە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی موعەلیمانی ئێران لە ڕیزێکی یەکگرتوودا، شان بەشانی هەموو زەحمەتکێشان، بێبەشان و ستەمدیتووانی ئەم کۆمەڵگایە، سەرەنجام کۆتایی بە دەسەڵاتی ڕژیمی کۆنەپەرست و دژە خەڵکی کۆماری ئیسلامی دەهێنن و مژدەی دوارۆژێکی گەشتر بە کۆمەڵگای ئێران دەبەخشن.





***

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 435- oct 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# ڕاگەیاندنی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
# مانگرتنی سیاسی لە کوردستان سەرکەوتووانە

ڕۆژی شەممە ٢٥ی خەرمانان، لە ساڵیادی قەتڵی حکوومەتی ژینا ئەمینی و دەستپێکی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی،دا مانگرتنی سیاسی و گشتی خەڵکی کوردستان بە بۆنەی بەرزڕاگرتنی ئەو ڕۆژە مێژوویە، بە شێوەیەکی لێبڕاوانە و سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو. ئەم مانگرتنە لە بارودۆخێکدا ڕوودەدات کە لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی خۆی بەمەبەستی پێشگرتن لە بەڕێوەچوونیی ئەو مانگرتنە خستەگەڕ. دەستبەسەرکردنی دەیان کەس لەو هەڵسووڕاوە مەدەنییە ناسراوانەی کە پێیانوابوو لەوانەیە ڕۆڵیان هەبێت لە ڕێکخستنی ئەم مانگرتنەدا، هەڕەشەکردن لە سەدان کەس لەو خەباتکارانەی کە سزای زیندانی هەڵپەسێردراویان بۆ بڕاوەتەوە و هەروەها میلیتاریزەکردنی توندی سەرجەم شارەکانی کوردستان لە زومرەی ئەو هەوڵ و ڕێوشوێنانە بوون. پەیامی سیاسیی ئەم مانگرتنە گشتییە ڕوونە، «شۆڕشی ژینا (ژن، ژیان، ئازادی) بەردەوامە و کۆمەڵانی خەڵکی بێبەش و ستەملێکراو، سوورن لەسەر ئەوەی کە سەربکەون». بەڵام خەڵکی کوردستان لەم خەبات و خۆڕاگرییە شکۆدارەدا بە تەنیا نە بوون. لەم ڕۆژەدا، لە چەند شوێنێکی ئێرانیش، شاهیدی پشتیوانی خەڵک بووین لە مانگرتنی گشتی لە کوردستان. هەڵبەت ئەمەش بەڕێکەوت نییە، ئازاری هاوبەش، هاواری هاوبەشیش دەخوازێت. هەڕەشە و ڕێوشوێنەکانی ڕژیم بۆ ڕێگریکردن لە کۆبوونەوەی جەماوەر لەسەر گڵکۆی گیانبەختکردووان، گەلێک بەربڵاو و بێ وێنەیە. تانک و زرێپۆشیان لەسەر گڵکۆی «ژینا» جێگیر کردووە. ڕێڕەوەکانی بەنداوی «چراغ وەیس»ی سەقزیان کردۆتەوە بۆ ئەوەی ڕێگا لاوەکییەکانی چوون بەرەو ئارامستانی ئایچی دابخەن. ئەمجارەیان خەڵک هێزی لەبنەهاتووی خۆیان بەڕوونی لە سیمای ڕژیمدا بەدیکرد. مانگرتنی سیاسی گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا



نەریتێکی جێکەوتووە. ئەمجارەش خەڵک هێزی خەباتکارانە و یەکگرتووانەی خۆیان لەم فۆڕمە لە ناڕەزایەتی سیاسییدا ئەزموون کرد. بەڵام ئێمە هێشتاش لە ڕێگای گەیشتن بە سەرکەوتنی کۆتاییدا، گەلێک قۆناغی دیکەمان لە پێشە کە دەبێت بە هۆشیاری سیاسی و بە هەمان وره و ئیرادەی خەباتکارانەی پێشووەوە، خۆمان بۆ تێپەڕبوون لێیان ئامادە بکەین. نەرمی نواندن لە تاکتیکەکاندا بە ئاراستەی ستراتێژێکی ڕوون، یەکێکە لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنەکەمان. مانگرتنی گشتی وەک یەکێک لەو تاکتیکانە، کاریگەریی خۆی لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی و زەمینگیر کردن و ناچالاککردنی هێزە سەرکوتگەرەکاندا نیشانداوە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە گرتنەبەری ئەم تاکتیکە خەباتکارانەیە، چەندین جار پاشەکشەیان بە کۆماری ئیسلامی کردووە و هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمیان لە ئاست ئیرادەی یەکگرتووانەی خۆیاندا بەچۆکدا هێناوە. ئەمڕۆش جارێکیتر نموونەیەکی شکۆداری دیکەیان لەم شێوە خەباتە ئەزموون کرد. ئەم مانگرتنە جارێکی تر بە ڕوونی ڕووخساری جەماوەریبوون و کۆمەڵایەتیبوونی ئەو ئاخێزەی ئێستای دژ بە ڕژیمی ئیسلامی و بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر، بە خەڵکی جیهان نیشاندا. بەڵام گرنگی ئەم خەباتە لە بەردەوامبوونیدایە. لەمڕووەوە ئەرکی هەمووماں، چ لە کوردستان و چ لە ئێران بە گشتی ئەوەیە کە هەوڵبدەین ئەم خەباتە بە هێز و گڕوتینێکی زیاترەوە هەروا بەردەوام بێت. ئێمە نەبەردێکی درێژخایەن و ئامانجدارمان لە پێشە. نەبەردێکی کە چینی کرێکا و جەماوەری بێبەشی پەراوێزی شارەکان، هاوکات لەگەڵ خوێندکاران و ژنانی یەکسانیخواز ڕۆڵی چارەنووسسازی تێدا دەگێڕن. بێگومان ئەوەی کە لەمساڵ و ساڵی داهاتوودا ڕوودەدات، مۆرکی ئەزموونە بەنرخەکانی ساڵی ڕابردوو لەخۆیدا هەڵدەگرێت. ئەو ئەزموونانەی کە زۆر بەداخەوە بە بەهایەکی زۆر بەدەست هاتن. ئابووریی ژێر هێڵی هەژاریی زیاتر لە ٧٠٪ی خەڵک، ئەم جەماوەرە بەرینە، بە ناچاری بە ئاراستەی خەبات و ڕووبەڕووبوونەوە لەدژی ڕژیمێکدا دەبات کە هەم نان و هەم ئازادی ئەوانی بە بارمتە گرتووە. ئەگەرچی هەر لە ئێستاوە ناتوانرێت بە وردی فۆڕم و کات و شوێنی ڕووبەڕووبوونەوەکان بەڕوونی دیاریی بکرێت، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە ئەم شۆڕشە بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی گەڕەکە هەژارنشینی پەراوێزی شارەکان، لە قوتابخانە و زانکۆکان، چ لەسەر شەقام یان لە شێوەی مانگرتنی سیاسی گشتی و مانگرتن و ناڕەزایەتی کرێکاران، مامۆستایان، ناڕەزایەتی خانەنشینان، بنەماڵەی داغداری گیانبەختکردووان و هتد...دا بەردەوام دەبێت. مانگرتنی گشتی ئەمڕۆ ٢٥ی خەرمانان یەکێک بوو لە گۆڕەپانەکانی ئەم خەباتە بێوچانە، کە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەچوو. دەستی سەرجەم ئەو تێکۆشەر و هەڵسووڕاو و جەماوەرە یەکگرتووەی کە ئەم سەرکەوتنەیان مسۆگەر کرد، بەگەرمی دەگوشین و دروود دەنێرین بۆ یاد و بیرەوەریی گیانبەختکردووانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی.

بژی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان

بژی شۆڕشی «ژن، ژیان، ئازادی».

**کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە**
**ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
**٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢**
**١٦ای سپتامبری٢٠٢٣**

***

دواستون

## وتەیەک سەبارەت بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی نێوان ئیسرائیل و حەماس

بوونی سەدان هاوڵاتی قوربانی بێ دیفاع لە ئیسرائیل و لە کەرتی غەززە، بێ گومان ویژدانی هەر ئینسانێکی شەریف ئازار دەدات. بەڵام تەنیا هاوسۆزی و بەخەمەوەبوونێکی ئەخلاقی سەبارەت بە قوربانیانی ئەم کارەساتە، ویژدانی بەئاگا هێور ناکاتەوە. مافە پێشێلکراوەکانی خەڵکی فەلەستین بەجێگای خۆی، دەوڵەتی ئیسرائیل کەرتی غەززەی وەک ناوچەیەکی جوگرافیایی دیارکراو بە دوو ملیۆن دانیشتووەوە کردووە بە گەورەترین زیندانی جیهان. ئەوەی کە ناوبەناو لە غەززە ڕوودەدات دەکرێت بە «سەرهەڵدان و شۆڕش لە زیندانێکی گەورەدا» بشوبهێندرێت. بوونی ڕەوتێکی ئیسلامی وەک حەماس لە لوتکەی ئەم شۆڕشەدا، نابێت ئێمە لە ناڕەوابوونی ئەو زیندانە و زیندانوانەکەی غافڵ بکات. دوو ملیۆن کەسیان لەناو چواردیوارییەکی کۆنکرێتی بەرزدا ئەسیر کردووە، نان و ئاو و کارەبا و بەشێوەیەکی گشتی تەواوی ژیانیان بە بارمتە گرتوون، زۆر سروشتییە کە کاردانەوە لە خۆیان نیشان بدەن. ئەوەی کە حەماس ئەم قۆناغە لە شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی دەستپێکردووە، ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ڕێکارانە بەردی دیفاع لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین لە سینگی دەدات و پشتیوانی لە حەماس دەکات، هیچ کام لەمانە زەڕەیەک لە ڕەوابوونی خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی فەلەستین لە بەرامبەر دەوڵەتی جینایەتکار و مەزهەبی و ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دا کەم ناکاتەوە. دەیان ساڵە دەوڵەتی نەژادپەرستی ئیسرائیل شەڕێکی ناڕەوای لەدژی خەڵکی فەلەستین دەستپێکردووە و هەروا بەردەوامە و لەم شەڕە نابەرابەرەدا جگە لە تەسلیمبوونی بەتەواومانای خەڵکی فەلەستین و ملکەچبوونیان لە ئاست ئەم دۆخەی ئێستا، بە هیچ شتێکی تر ڕازی نابێت. دەوڵەتی ئیسرائیل تا ئێستا ملی بە هیچ چەشنە سازشێک نەداوە. تەنانەت تەرح و پلانەکانی ئاشتیی دەوڵەتی ئەمریکاش کە هاوپەیمانی ستراتێژیکی ئیسرائیلە، بە هیچ ئامانجێک نەگەیشتووە. سازش و پاشەکشە یەک لە دوای یەکەکانی لایەنی فەلەستینیش وەڵامی وەرنەگرتووەتەوە. خەڵکی شەریف و ئازادیخوازی فەلەستین و ئیسرائیل هیچ دوژمنایەتییەکی ڕیشەییان لەگەڵ یەکتردا نییە. دوژمنایەتی ئێستای نێوان ئەم خەڵکانە لە لایەن ڕاسترەوە کۆنەپەرست و توندڕەوەکانی هەردوولای کێشەکەوە تەشەنەی پێدەدرێت. هاووڵاتیانی فەلەستین و ئیسرائیل تەنیا بە هاوخەباتی و یەکڕیزی لەگەڵ خەڵکی پێشڕەو و پێشکەوتنخوازی ناوچەکە و پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە لەگەڵ یەکتر دەتوانن خۆیان لە ژێر هەژموونی و دەسڵاتی دەوڵەتی مەزهەبی و هێزە کۆنەپەرستەکان ڕزگار بکەن و درێژە بە کار و ژیانی خۆیان بدەن. دوابەدوای هێرشە سەرەتاییەکانی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، ئێستا خەڵکی ستەملێکراو و بێبەشی کەرتی غەززە کەوتوونەتە ژێر گوشاری ئەرتەشێکی پڕ چەک و چۆڵ، کە بێباکانە ماڵ و حاڵی خەڵک بەسەریاندا وێران دەکەن. لەم دۆخە سەخت و دژوارەدا خەڵکانی فەلەستینی دانیشتووی غەززە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیان بە پشتیوانی و هاوپشتی خەڵکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست لە سەرانسەری جیهان هەیە. ئەم هاوپشتییە دەتوانێت ببێتە هێزێکی ماددی کاریگەر بۆ ڕاگرتنی جینایەتەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل و توندڕەوە مەزهەبییەکانی حەماس.

* * *

ماڵپەڕە حیزبیەکان:
پەیام سایتی سیاسی هەواڵنیری
www.payaam.net
حیزبی کومونیست ئیران
www.cpiran.org
کومه له:
www.komalah.org
تشکیلات خارج کشور
www.k-kh.org